رۆژنامەیەکی هەفتانەی گشتی‌یە
لەدەزگای هاوکاری چاپ‌و بڵاو کردنەوەی
کوردی دەرئەچێت

دار التضامن للطباعة والنشر الكردية

بغداد – شارع الجمهورية – ساحة الخلاني
هاتف ٦٨٣١١ ، ٦٨٣١٢ ، ٦٨٣١٣

HAWKARI Tel - 68311 68312, 68313.

هاوکاری

سالی ١٩٧٠ دامەزراوە

(٨) لاپەڕە
نرخی
(٢٥) فلسە
لە (دارالحرية)
چاپ ئەکرێ

ژمارە (٢٣٢) ٣٠-٨-١٩٧٤

سەرکۆمار کاك احمد حسن بکر سەر لە وەزارەتی پەروەردە ئەدات

سەرکۆمار کاك احمدحسن بەکر رۆژی ٢٧ – ٨ سەریان لە وەزارەتی پەروەردە داو لەکاتی گەیشتنیاندا لەلایەن دکتور احمد عبدالستار جواری‌یەوە پێشوازی‌کران •

سەرکۆمار لەسەردانەکەیدا کە ٤٠ دەقیقەی خایاند دەربارەی پروژەکانی وەزارەتەکەو لەناوبردنی نەخوێندەواری‌و فراوان‌کردنی خوێندنی پیشەیی ئامۆژگاری‌کردن دوا •

ئا•د•ع

ئەنجومەنی بەرزی کشتوکاڵ لە پێنج پرۆژەی گرنگ ئەکۆڵێتەوە

فەرەنسا چەك و تفاق بەوڵاتانی رۆژهەڵاتی ناوەراست ئەفرۆشێتەوە

پاریس :– ئاژانسەکان :– رۆژی ٢٨–٨ ئەندرێ کروسێ بەناوی حکومەتی فەرەنساوەبڵای کردوەکە ڤالیری جیسکار دیستان سەرۆکی فەرەنسا لەگەڵ ئەنجومەنی وەزیراندا کۆبوتەوەکە بڕیاریان‌داوە کەلەمەولا چەك‌و تفاق بەوڵاتانی رۆژهەڵاتی ناوەراست بەتایبەتی‌میسرو سوریاو ئەردەن‌و ئیسرائیل بفرۆشن •

وەکو زانراویشە سەرۆکی‌کۆچ کردوو شاڕل دیگۆڵ لەکاتی شەڕی حوزەیرانی ساڵی١٩٦٧دا بڕیاری‌دا کە هیچ جۆرە چەك‌و تفاقێکی شەڕ بەوڵاتانی رۆژهەڵاتی ناوەراست نەدات • لەلایەکی‌ترەوە ،ئەسۆشێتدپرێس ئەڵێ ، کە سەرۆکی میسر ئاشکرای‌کردکە فروکە میراجەکانی لیبیا لەشەڕی تشرین‌دا بەشداربوون‌لەوساوە حکومەتی فەرەنسا بریاری‌دا بوو کە لەمەولا چەك بەوڵاتانی رۆژهەڵاتی ناوەراست بفرۆشێتەوە •

بڕیارێکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش

رۆژی ٢٤ – ٨ ئەنجومەنی سەرکردایەتی سۆرش یاسای‌ژمارە (١١٣)ی ساڵی ١٩٧٤ی بڵاوکردەوە ئەمەش تەواوی‌یاساو بڕیارەکەیە :–

بەپێی ناوەرۆکی برگە (أ)ی بەندی ٤٨و برگە (أ)ی بەندی ٦١ی دەستوری وەختی ئەنجومەنی سەرکردایەتی‌شۆرش لەکۆبونەوەی ریگەوتی٢٤–٨–١٩٧٤دا یاسای ژمارە (١١٣)ی ساڵی ١٩٧٤ی‌دەرکرد :

یاسای لێبوردنی گشتی‌لەکوردە سەربازی‌و مەدەنیەکان کوردانەی کە لەهێزی‌چەکداردان (لەشکرو پولیس‌وئاسایش‌و جنسیەو پاسەوانی سنوو) کە پەنا ئەبەنەبەر نزیکترین دەسەڵاتی لەشکرلەپێش وە لەکاتی دیاری کراوی ئەو یاسایەدا لەم سزایانەی‌خوارەوە ئەبەخشرێن :

أ – ئەو سزایانەی بەپێی یاساکانی سەربازی لەئەنجامی غایب‌بون‌و ڕاکردن‌و دواکەوتن‌یاندا ئەیانگرێتەوە •

ب – ئەو سزایانەی لەبەندی ١١٦و ١١٧ی یاسای سەربازی ژمارە (١٣)ی ساڵی ١٩٤٠ی دەسکاری کراوداهەیەو ئەیانگرێتەوە •

ج – لەسزای دەرکردن ئەبەخشرین کەلەئەنجامی غایب‌بوون‌و راکردنیاندا دراوە بەسەریان‌دا •

بەندی دووەم : کوردەکان لەو سزایە ئەبەخشرێن کە لەیاسای خزمەتی سەربازی ژمارە (٦٥)ی ساڵی ١٩٦٩ی دەسکاری‌کراوو یاسای بەرگری نیشتمانی‌و خزمەتی ئیحتیانی لابراوا داهەیەو بەهۆی غایب‌بوون‌و دواکەوتن‌و راکردنیانەوە دراوەبەسەریاندا ئەگەر لەپێش وەلەکاتی ماوەی کارکردن‌و بەجی‌کردنی ئەو یاسایەدا خویان‌بگەیەننە نزیکترین دەسەڵاتی سەربازی •

بەندی سێیەم :– فەرمانبەرو مستخدم وکریکارەکوردەکان لەهەموو سزادانە ئیداریەکان– ئەبەخشرین کەبە هۆی غایب بوونی نامەشروعەوە دراوە بەسەریان‌دا ئەگەر بێتو لەکاتی کارپێ‌کردنی ماوەی ئەویاسایەدا خویان بگەیەننە نزیکترین دەسەڵاتی سەربازی •

بەندی چوارەم :– ئەوانەی گیراون‌و ناوەرۆکی ئەم یاسایە ئەکانگرێتەوە دەست بەجێ بەرەتلا ئەکرێن ئەگەر بەهۆی شتێکی‌ترەوە نەگیرابن وەئەوپارەیەی لێیان سەندراوە نایان درێتەوە •

بەندی پێنجەم : ماوەی کارپێ کردنی ئەم یاسایە ٢٠ رۆژەو لەگەڵ دەرچونیەوە کاری پێ‌ئەکرێ •

لە ٧ی مانگی شەعبانی ساڵی ١٣٩٤ ی کۆچی ریکەوتی ٢٥ ی مانگی ئابی ساڵی ١٩٧٤ ی زاینی لە بەغدا بڵاوکرایەوە •

احمد حسن بکر
سەرۆکی ئەنجومەنی
سەرکردایەتی شۆرش

لەشکری حەبەشە دەست بەسەر موڵك و ماڵی هیلاسی لاسی دائەگری .

ئەدیس ئەبابا : ئاژانسەکان:رۆژ نیە کەچەند هەواڵێکی نوێ دەربارەی رووداوەکانی ناوخۆی‌حەبەشە بڵاونەبێتەوەو شتێکی تازە نەقەومێ • ئەوەبوو رۆژی٢٥–٨ رادیۆی ئەدیس ئەبابا بڵاوی کردەوە کە ئەو (١٠)کۆشکەی قەڕاڵ هیلاسی لاسی هەیبون لەمەولا بۆ ئیش‌وکاروباری‌دەوڵەت بەکار ئەهێنرێن• وەکۆشکی یوبیل کە قەڕاڵ تیادائەنیشت لەمەولا ناوەکەی ئەگۆڕدرێ‌و بە (کۆشکی گەلی‌حەبەشە) ناوئەبرێ •

ئاژانسی دەنگوباسی فەرەنسائەڵی ، لابردنی وەزیری کاروباری کۆشکەکانی هیلاسی‌لاسی‌و دەست‌گرتن بەسەر ئەو باڵەخانەو خانووبەرانەدا یەکەم‌بڕیارە بەوشیوەیەدژی هیلاسی لاسی ئەدرێ •

لەلایەکی ترەوە لیژنەی‌یەکخستنی کاروباری لەشکر کەلەلایەن سوپاوە دانراوەبڕیاری‌دا کەسێ سەرکردەی تری‌رێژیمی هیلاسی‌لاسی بگرێ ! وەلیژنەی ناوبراو مۆڵەتی دوو رۆژی تری‌داوە بەچەند کاربەدەست‌و وەزیرێك بۆئەوەی لەبارەگای تیپی چوارەمی ئەدیس ئەبابا خۆیان بەدەستەوە بدەن •• لەشکر ئەو کاربەدەستانەی بەوەتاوانبارکردوە کە دەست پاك نەبوون‌و بەرتیلیان وەرگرتوە •• لەبەر ئەوە بەم زووانە ئەدرێن بەدادگا بۆ محاکەمە کردنیان • لەمانەش دیماماچ‌تسفا کەلەمەوبەر وەزیری کانەکان‌و مەعدەن بووە •

وەزیری ئابوری تاران سەر لەسوریا ئەدات

شام : ئا•ر•ن : لە سەر دا خوازی محمد العمادی وەزیری ئابوری سوریا ، هوشنگ انصاری وەزیری ئابوری رێژیمی ئێران لە ٢٣ی مانگی ئەیلولی ئایندە دا بە سەر دانێکی رەسمی کە سێ رۆژ ئەخایەنێ ئەچێ بۆ سوریا •

هەردوو وەزیر ، دەربارەی هاوکاری ئابوری وبازرگانی نێوان هەردوو دەوڵەت وتووێژ ئەکەن •

سەرنەکەوتنی کودەتایەك لە ئەفغانستان

کابل : ئاژانسەکان : رۆژی ٢٥–٨ بڵاوکرایە وەکە کودەتایەکی عەسکەری پوچەڵ کراوەتەوە کە دژی رێژیمی فەرمان‌ڕەوای سەردار محمد داود خان سازکراوە •

ئاژانسی دەنگوباسی هیندستان لە ئاژانسی دەنگوباسی بەختیاری ئەفغانستانەوە زانیویەتی کە (١١) ئەفسەر لەو کودەتایەدا بەشدار بوون‌و گیراون‌و دراون بەدادگا •

سەرۆکی کوردەتاکە فەرمانی تیرەباران کردنی دراوەبەسەر داوئەوانی تریش حوکمی‌گرتن بۆماوەی سێ ساڵ‌و هەندێکیان بەدرێژایی ژیانیان حوکمیان– دراوە بەسەردا •

ئەوەی شایانی باسە لەمانگی تەمووزی پاردا سەردار محمد داودخان هاتە سەرحوکم‌و لەو رۆژەوە ئەمە دووەم جار کودەتا لەدژی رێك ئەخرێ •

موچەی ئەندامانی ئەنجومەنی یاسادانان و ئەنجومەنی تەنفیزی ناوچەی کوردستان

رۆژی سێ شەممەی رابوردوو ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆرش بڕیارێکی دەرکرددەربارەی دیاری کردنی موچەی ئەندامانی هەردوو ئەنجومەنی‌یاسادانان‌و تەنفیزی ناوچەی کوردستان • ئەمەش بڕیارەکەیە :–

بڕیار

بە پێی ناوەرۆکی بڕگە(أ)ی بەندی (٤٢)ی دەستوری وەختی ئەنجومەنی سەرکردایەتی‌شۆرش لە کۆبونەوەی رێککەوتی ٢٥–٨–١٩٧٤ ئەم‌بڕیارەی خوارەوەی دا :

یەکەم :

١ – ئەندامی ئەنجومەنی‌یاسادانانی ناوچەی کوردستان موچەیەکی مانگانە وەرئەگرێ‌بریتی‌یە لە سەدو پەنجا دینار لەگەڵ (مخصصات)ی مانگانەکە ئەویش پەنجا دینارە •

٢ – ئەگەر ئەندامی‌ئەنجومەنی یاسادانان (موظف) بوو لە دەوڵەتدا وە موچەکەی‌خۆی لە هی ئەندامی ئەنجومەنی یاسادانان زیاتر بووە ئەوا ئەوزیادیەشی ئەکەوێ وئەو (مخصصات)ەش وەرئەگرێ‌کە لە برگەی سەرەوە دا دیاری کراوە •

دووەم :

١ – ئەندامی ئەنجومەنی‌تەنفیزی موچەیەکی مانگانە وەرئەگرێ بریتی‌یە لە دووسەدوبیست دینار لەگەڵ (مخصصات)ی مانگانە کەپەنجا دینارە •

٢ – سەرۆکی ئەنجومەنی‌تەنفیزی موچەیەکی مانگانە وەرئەگرێ کە بریتی‌یە لەدوو سەدوچل دینار لەگەڵ (مخصصات)ی مانگانە کەسەد دینارە •

سێیەم :

ئەندامێتی لە ئەنجومەنی‌یاسا دانان‌و ئەنجومەنی تەنفیزی دا ، بۆ هەموو مەبەستێك بەخزمەت ئەژمێردرێ لە دەوڵەت دا •

چوارەم :

ئەم بڕیارە لەگەڵ بلاوبونەوەیدا لە رۆژنامەی رەسمی ئیشی پێ ئەکرێ •

احمد حسن بکر
سەرۆکی ئەنجومەنی
سەرکردایەتی شورش

سالم ربیع علی گەیشتە برلین •

بەرلین : ئە•د•ن : پاش‌نیوەڕۆی رۆژی ٢٧–٨ کاك سالم ربیع علی سەرۆکی ئەنجومەنی‌سەرۆکایەتی کۆماری دیموکراتی گەلی یەمەن بە سەردانێکی‌رەسمی‌و لە سەر داخوازی ڤیلی شتۆڤ سەرۆکی ئەنجومەنی‌دەوڵەتی کوماری دیموکراتی ئەڵەمانیا گەیشتە شاری‌بەرلین •

کاك ربیع‌علی لەو سەردانەیدادەربارەی پتەوکردنی پەیوەندی دۆستانەی نێوان هەردووولات‌و بەشداربوونی ئەڵەمانیای دیموکرات لە جی بە جێ کردنی‌چەند پرۆژەیەك لە یەمەنی دیموکرات دا وتووێژ ئەکات •

پتەوبونی پەیوەندی‌نێوان رێژیمی سعودی‌و تایوان

ریاض : روێتەر : رۆژی٢٧–٨ بڵاوکرایەوە کە هشام ناظر وەزیری دەوڵەتی سعودی لە (جدە) لەگەڵ وەزیری دارایی رێژیمی تایوان کۆبۆتەوە •• رادیوی رێژیمی سعودی وتی : هەردوو وەزیر لەو کۆبونەوەیە دا باسی پتەوکردنی پەیوەندی نێوان سعودی‌و تایوانیان کردوە •

کاسترو : کوبا ئامادەیە هاوکاری لەگەڵ وڵاتانی ئەمەریکای لاتین دا بکات .

هاڤانا : تاس : رۆژی ٢٧–٨دکتور فیدل کاسترۆ سەرەك وەزیرانی کوبا لە هاڤاناکۆنگرەیەکی رۆژنامە نووسی بەست تیایدا باسی پەیوەندی‌نێوان کوباو وڵاتانی ئەمەریکای لاتینی کردو وتی :–

بڕیارەکەی پەناما سەبارەت بە دامەزراندنەوەی پەیوەندی دیپلوماسی لەگەڵ کوبا دا ، بڕیارێکی جوامێرانەیەو شایستەی رێزلی‌نانەو نیشانەی ئەوەیە کە پەناما خاوەنی دەسەڵات‌و سیادەی خۆیەتی •

دکتور کاسترۆ وتی : کوبا ئامادەیە کە هاوکاری لەگەڵ وڵاتانی ئەمەریکایی لاتین بکات‌و کۆمەك بەو حکومەتە پێشکەو– تنخوازانە بکات کە سیاسەتێکی سەربەخۆیان گرتۆتە بەر •

هەروەها وتی : جارێکی تر کوبا ناچێتەوە ناو رێکخراوی دەوڵەتانی ئەمەریکای لاتینەوە ، چونکە ئەم رێکخراوە بوە بە داردەستی ئیمپریالیزم •• کاسترۆ لە کۆتاییدا داوای کرد کە رێکخراوێکی نوێ بۆ وڵاتانی ئەمەریکای لاتین‌و ناوچەی کاریبی دابمەزرێت بۆ داکۆکی کردن لە بەرژەوەندیەکانیان •

پوچەڵ کردنەوەی دەست درێژیەکەی لەشکری ئێران .

ئێوارەی ٢٤–٨ یەکێك‌بەناوی سەرۆکایەتی ئەرکانی– گشتی‌یەوە ئەم هەواڵەی بڵاو–کردەوە :–

هێزێکی لەشکرمان لەسەر–سنور دەست درێژیەکی ئێرانی پوچەڵ کردەوە کە کردبویەسەرپاسگای (القعقاع) لەناوچەی خانەقین لەسەر سنوری‌عیراق •

لە سەعات نۆی ئێوارەی٢٣ی ئاب هێزێکی لەشکری ئێران بە هاوەن‌و شەستیرەوەدەست درێژیەکی کردەسەر پاسگایەکی عیراق •

هێزەکانی سەرسنوریشمان‌بەگژیا چونەوەو تەقەدەستی پێ‌کردو تاوەکو سەعات ٥ر٣ ی‌سەرلەبەیانی ٢٤–٨ بەردەوام بوو •• هێزە دڵێرەکەمان توانی‌واڵەدەست درێژکەران بکات کە پاشەوپاش بکشێنەوەو لەو–شەڕەدا ئەندامێکی هێزی سەرسنورمان شەهیدبوو• بەڵام‌زیانی‌دی ئێرانی دەست‌درێژکەر بەزانراوە •

ئیمە بەتوندی ئاگاداریان‌ئەکەینەوە سەبارەت بەودەست– درێژیانەو هیچ کاتێك رێگا–نادەین کە دەست‌درێژی بکرێتە سەرخاك‌و سیادەمان‌و بەهەموورێگایەك بەرەنگاری هەموو دەست درێژیەك ئەکەین •

ئا•د•ع

شۆڕشگێڕانی "زەفار" زیانێکی گەورە لە لەشکری رێژیمی ئێران ئەدەن

عەدەن : ئا•د•ع : هەفتەی رابوردوو بڵاوکرایەوە کە شورشگێڕانی خلیج‌و زەفار ٣٧ سەربازی لەشکری دەست درێژکەری رێژیمی ئێرانیان لەزەفار لە ناوبردوەو رێژیمی تاران لاشەی ئەوسە ربازە کوژراوانەی داوەتەوە بەکەس وکاریان •

وەبەپێی هەواڵی رۆژنامەکانی عەدەن رێژیمی تاران بەڵێنی لەکەس‌وکاری ئەو کوژراوانە وەرگرتوە کەدەنگ نەکەن و نەیەڵن بۆچی‌و لەکوێ‌و کەی ئەوسەربازانەی ئێران کوژراون بزانری •• هەروەها بڕیاریشی داوەکەهەرکەسێ ئەو هەواڵە بڵاوبکاتەوە سزای‌بدات ؟

پەیوەندی نێوان
تاران‌و تەل‌ئەبیب !

لە لایەکی ترەوە سازمانی‌ئازادیبەخشانی گەلی ئێران راپۆرتێکی گرنگی بڵاوکردەوەتیایدا ئەوپەیوەندیەی رسوا کرد کە لەنێوان رێژیمی ئێران‌وسەهیونیەکاندا هەیەو لە راپۆرتەکەدا باس‌کراوەکەچۆن‌ئیسرائیل لەژێر پەردەی ئابوری‌و بازرگانی‌دادا‌پەلی‌هاویشتۆتە نیۆ تێرانەوە • ئنجا باسی ئەو دەورە ئەکات کەئەوفابریقەو ساختو مانانەی سەهیونیەکان ئەیگێرن لەئێران‌دا و لەوفابریقانە ئەمانەن :–

کومپانیای ستاری پیترۆ–کیمیایی و فاسریقەی موزائیکی ئێران‌و فابریقەی چنین‌ورستنی‌وکۆمپانیای پلارك ئیم • ئیم و کارخانەی ئەندازیاری‌دیب‌وچەند فابریقەیەکی‌تر !

راپارتەکە ، داوای لەوڵاتانی‌عەرەب کردوە کە ئاگاداری ئەمە بن‌و رێگانەدەن لە رێگای–ئێرانەوە شت‌ومەکی ئیسرائیل بچێت بۆ وڵاتانی عەرەب •

institut kurde de paris

... لەمێژووی گەلانی ئێران دا

لەساڵی ١٩٤١ دا یەکەم پەڕی کۆدیتای ٢٨ ی گەلاوێژی لەمێژووی گەلانی ئێران دا ڕژێکە لە ڕۆژە ڕەشبەنەکانی مێژووی ئەم وڵاتە بازادیخوازەکانی ئێرانی بەرەو ڕاوە ڕاوە !

لە ساڵی بیستوویەک ساڵ بەسەر کۆدیتای شووەمی ٢٨ ی گەلاوێژ ١٣٣٢ دا دەپەڕێ کودیتای ٢٨ ی گەلاوێژ لەمێژووی گەلانی ئێراندا ڕۆژێکە لەو ڕۆژە ڕەشبەنەکانی مێژووی ئەو وڵاتە بازادیخوازانەی کە ئێرانی بەرەو ڕاوە ڕاوە !

لەکەڵ چاوێک بەسەر وەزعی سیاسی و نێودەوڵەتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بخشێنین لەو ڕاستیەمان باشتر بۆ ڕوون دەبێتەوە ٢١ ساڵ لەمەوپێش جوواڵانەوەی بازادیخوازی و دژی ئیمپریالیستی گەلانی ئێران لە قۆناخێکی هەرەپێشکەوتوو، بگرە لەپێشەوەی جوواڵانەوەی بازادیخوازی گەلانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا هەنگاوی داویشت لەحاڵێکدا کەزۆربەی وڵاتانی مەڵبەند لەژێر بارگرانی ڕژێمە کۆنەپەرست و سەربە ئیستیعمارەکانی دانالەیان بوو، حکوومەتی نیشتمانی مصەدق ڕۆژبەڕۆژ زیاتر تەنگی بە حکوومەتی سەرەڕۆی پاشایەتی هەڵدەچنی و سیاسەتی ڕەشەکوژی وتالانچیەتی ڕژێمی کۆنەپەرستی وردە وردە لەوڵات داکەم دەکردەوە تارادەی دوایی کە نەتیجەی ئەو خۆنەدان و دەست لەسەر دەستدانانە، بۆ عینات، بەلام بەڕۆژ بەپێچەوانەوە زۆربەی ووڵاتانی زۆرهەڵانی ناوەڕاست لەچەنک ڕێژیمە کۆنەپەرستە کان یەزەدە بوون یالەخانی ڕزناربوون دان، کەچی ڕژێمی کۆنەپەرستی لە ئێراندا هەر بەدادی دەکان سەلانی ئێران لە هەموو بارێکەوە دەچەوسێنیتەوە.

ڕۆژی ٨ ی گەلاوێژ ڕۆژی زان بوونی درندەترین و کۆنەپەرستترین هێزەکان بوو کەدەتوانیر بەکودیتای ئەدرسۆن و ئەشرەفی ناوبەرین و هەروەها دەخالیەنی ڕاستەوخۆی ئیمپریالیزمو ئەوی لەمستیدەربارو کۆنەپەرستی سەرانی ڕەشەش و هێندێ لەئەفسەرە لەکارکەوتوە گانی سەردەمی ڕەزا شاش بێ تەمیز نە بوون.

لەبەرئەوەی کەئیمپریالیزمی ئەمریکا باش زانیشتبوو کەئێشکانی ئەواوی ئەو لەئێران سەرەنای ئیشکانیەتی لەسەر ئینسەری ڕژێمەلانی ناوەڕاست دابەپشتیوانی وهاوکاری ئیستیعماری کۆنەکاری ئینگلیستان هەموو هێزەکانی دژی دیموکراتیکی ولاتی بژزالبوونی ئەوکودیتایەی وەکارخست. کاتێک لەڕۆژی ٢٥ ی گەلاوێژدا کەشارای کرد، وادەهاتەپێش چاو کەتازە هیچ هێزێک ناتوانی بەتەکۆسی بەرەو پێش بوونی سەرکەوتووی دیموکراتیک و دژی ئیمپریالیستی گەلانی ئێران. بەلام دەگەڵ ئەوەشدا بەداخەوە کودیتای ٢٨ ی گەلاوێژ بەشێوەیەکی جاوەڕوان نەدەکرا سەرکەوت و جارێکی دیکەش هێزی زۆر و کۆنەپەرستی دەستەلاتی بەدەستەوە گرتەوە.

هێزی زاڵبوونی کودیتای ٢٨ ی گەلاوێژ هەرلە سەرەتاوە سەرێک نەگرتنی حیزب و ڕێکخراوەسیاسیەکانی ئاوسەردەمی ئێران کەبەداخەوە دەگەڵ ئەوەی هێزوتوانایەکی زۆریشیان هەبووە دەستەلاتیان لەناو هەموودەزگاکانی حکوومەتی دابەڕچاو دەکەوت و دەشیانزانی کەئیمپریالیزم و دژی لەمستیدەربارو کۆنەپەرستی سەرانی ڕەشەش و هێندێ لەئەفسەرە لەکارکەوتوە گانی سەردەمی ڕەزا شاش بێ تەمیز نە بوون.

لەبەرئەوەی کەئیمپریالیزمی ئەمریکا باش زانیشتبوو کەئێشکانی ئەواوی ئەو لەئێران سەرەنای ئیشکانیەتی لەسەر ئینسەری ڕژێمەلانی ناوەڕاست دابەپشتیوانی وهاوکاری ئیستیعماری کۆنەکاری ئینگلیستان هەموو هێزەکانی دژی دیموکراتیکی ولاتی بژزالبوونی ئەوکودیتایەی وەکارخست. کاتێک لەڕۆژی ٢٥ ی گەلاوێژدا کەشارای کرد، وادەهاتەپێش چاو کەتازە هیچ هێزێک ناتوانی بەتەکۆسی بەرەو پێش بوونی سەرکەوتووی دیموکراتیک و دژی ئیمپریالیستی گەلانی ئێران. بەلام دەگەڵ ئەوەشدا بەداخەوە کودیتای ٢٨ ی گەلاوێژ بەشێوەیەکی جاوەڕوان نەدەکرا سەرکەوت و جارێکی دیکەش هێزی زاڵبوونی بەدەستەلاتی بەدەستەوە گرتەوە.

گەلی کورد کەیەکێکە لەگەلە هەرە بەشخوراوە کانی ئێران لە هەموان زیاتر دەپەژارە دایەو زیاتر لە هەموو نەتەوەکانی تری ئێران گەوتۆتە بەرتوندترین چەوسانەوەی نەتەوایەتی خۆی.

بڕوانەل : ٧

بوو بەهۆی نەوەکە کودیتا زۆر بەهاسانی سەرکەوێ و کاری خۆی بکا.

نیستاکە ٢١ ساڵ کودیتای ٢٨ ی گەلاوێژی ١٣٣٢ دەپەڕی، لەکاتێکدا کەئیمپریالیزمی ئەمریکا شانەخشی زاندارمی هەمەلەندی وەنەستوتەروەو شانازی پێوە دەکا، نەرکێکی مێژوویی بەوزەڕەمبەرگەلە کانی ئێراندا دەبینێ، نەوەکەش بریتیە لە، لەنوبردنی هەموو نەوچارە ڕەشیانەو زۆردارییانەی کە بەڕەمەی کودیتای ٢٨ ی گەلاوێژن لەماوەی نیوبیست ویەک ساڵەدا سەدان کەس لە باشترین ڕۆڵەکانی گەلانی ئێران بەدەستی چلکاوخۆرانی ڕژێمی کودیتا شەهیدکراون و هەزاران کەس ماڵوێران بوون و ڕەوانەی سیاچاڵە کانی ڕژێمی گراون و بەشێوەیەکی وەحشیانە ئازارو شکەنجەدەدرین.

بپارتی کرێکارانی ئەڕمانیەوا هەلبژاردنی گشتی‌ی لکی بەرینانیا.

عبدالقادر عزیز
ئامادەی کردوە

بڕیارواپە پاش ماوەیەکی‌تر، سەر لەنوێ هەلبژاردنی گشتی لە بەریتانیادا بکرێتەوە، چا بەم بۆنەیەوە چاوەڕوان ئەکرێت کە پارتی کرێکاران کە ئێستا لە سەر حوکمە هەرنەبێ چەند شتێ بکات بۆ دەستخستنەوەی پارەش کەم بێتەوە واتە (تضخم) دروست نبێ. جگە لەمەش مەسەلەی میللی کردنی دەزگا گرنگەکان، لە بەرنامەی ئەوپارتیە دا نەماوە، کە لەمەوبەرو پێش هاتنە سەر کار بەڵێنی دابوو، وە ئێستا کە



• هیث •

ئەو پارتیە فەرمانڕەوایە لە ژێر دروشمی (بە نۆ کرێکاران) دا خزمەتی بەرژەوەندی مونوپۆل و خاوەن کارگەو فابریقەو سەرمایە دارەکان ئەکاتو بەهیچ جورێک بەلای خزمەت کردنی کرێکارانەوە ناچێ، ئەوچینەی کە ئەو پارتیە بەشێوەیەکی ناڕەوا ناوەکەی

هەروەها گران بوونی ستو مەڵو باری ناخۆشی کرێکاران و بلاوبونەوەی بێکاری و ئەوە تیوەری کە پارتی کرێکاران لەم دواییە دا دەستی کردوە بەرەقتار کردنی وای کرد کە لایەنگیرو دڵسۆزانی کەم بێتەوە. ئەمە تیوەرەندی مونوپۆل و خاوەن کارگەو فابریقەو سەرمایە دارەکان ئەکاتو بەهیچ جورێک بەلای خزمەت کردنی کرێکارانەوە ناچێ، ئەوچینەی کە ئەو پارتیە (اصحاب العمل) دانراوەو ئەڵێ :-

زیاد کردنی ڕۆژانەی کرێکاران ئەبێتە هۆی ئەوەی شتەو مەڵ گران ببێ و نرخی بەشێوەیەکی ناڕەوا ناوەکەی زەوت کردون و لافی پێشڕەوییەتیان لێ ئەدات و بە ناوی ئەوانەوە چوتە سەر حوکم.

جالیرەوە، ناوەروکی ڕاستەقینەی ئەرۆستوکراتی کرێکاران و لە ڕێگای ڕاست لادان لە سیاسەتدا دەرئەکەوێ لەگەڵ ئەو هەڕەشەیەی کە لە پاشە ڕۆژی بزوتنەوەی پێشکەو تنخوازانەو جولانەوەی کرێکارانی ئەکاتو ئەو مەترسیەی لە بەردەم بەئامانج گەیشتنی چینی ڕەنجبەردار ئەیخولقێنێ.

کەوا بوو ئەنجام چی ئەبێ و مەسەلەکە ئەگاتە چ ئاستێک ؟

پارتی کرێکاران هاتە سەرکارو لە هەموو بەڵێنەکانی پاش گەز بژوەو لایەنگیرانی کەم بوونەوەو نەک هەرنەیتوانێ گیروگرفتی بەریتانیا چارەسەر بکات بەڵکو گیروگرفتی ئابوری و کۆمەلایەتی تری خولقاند... پارتی کۆنە پارێزیش کە خەریکە حوکمە کە سەر لە نوێ گر ئەداتەوە، خاوەنی میژوو ڕابوردوێەکی تاریک و ڕەشەو چەندین کوێرەوەری بەسەر گەلی بەریتانیا هێناوە.. کە وابوو، ئایا ئەبێ هێزێکی تر فابریقەو سەرمایە دارەکان بەلای نێوان ئەم دوو هێزە نەیەتە کایەوەو بارو پروسێسی سیاسەتی بەریتانیا لەم گێژاوە دا ڕزگار نەکات ؟!



سالم ربیع

پاشە ڕۆژی گەلی ئەنگولا لەنێوان ڕزگاربوونو شەڕی ناوخۆیی دا...

سەیوان

ئەگەر بێتو سەرنجێک لەبارووزوفی ناوخۆی مستعمرە- کانی پورتوگال لە ئەفریقا دا، بە تایبەتی گینیا - بیساوو کاپ بوردەو مۆزەمبیق، ئەنگولا بەدینو تووندو تۆڵ بە سیاسەتی دەوڵەتانو بارووزوفی ئێستای نێو دەوڵەتانەوە بیان بەستینەوە، چەند ڕاستیەکمان بۆ دەرئەکەوێ، لەمانە، بزوتنەوەی شۆڕشگێڕانی گەلانی ئەو مستعمرە - انە ئالقەیەکی گرنگو بەشێکی زنجیرەی سورشی بەرەو پێش چوی جیهانە و هەروەها دۆستێکی ڕاستەقینەی بزوتنەوەی کرێکا- ڕانی وڵاتانی سێیەم سەرەڕای ئەوەی لە گەل هێزە شۆڕش گێڕو پێشکەوتنخوازەکانی جیهانی سێیەمو ئێکەرای دنیادا هاوبەشن لەخەبات دا ئەمە لەلایەک، لە لایەکی ترەوە، بە پێی بارووزوفی - ذاتی و موضوعی - هەریەکێ لەو مستعمرانەو ئەو دۆخەی تیایدایەو ئەو قوناخەی بزوتنەوەی شۆڕشگێڕیەکەی بڕیویەتی و پیایدا تێ ئەپەڕێ، بۆ مان دەرئەکەوێ، کە تارادەیەک، بەپێی ستراتیجیەتێ هەریەکێ لەو ناوچانە (گینیا - بیساو، ئەنگولا ...) جیاوازیەکی ئەشکرا لەنێوان وەزع و چونیەتی چارەسەرکردنی مەسەلەی هەریەکێ لەو گەلانەدا هەیە.

بۆ نموونە، چارەسەرکردنی مەسەلەی گینیا - بیساو پاش گودەتایەکەی ئەم دواییە لشبونە (کە چوار مانگ لەمەو بەر بوو) وە گۆڕانی باری ناوخۆو دەرەوەی پورتوگال، تا ڕادەیەک وا لە ئاڵادارانی سیاسی ئەکات کە بە جۆرە کە شمینیەکەوە سەیری بکەن و بگەنە ئەو ڕادەیەی کە دنیا بن لەوەی بارو زەمینەیەکی واهاتۆتە پێشەوە کە هەندەی باش بێنێ، بەتایبەتی دوای ئەوتەقەڵلەیەش کە دوکتور کورت فالدهاییم سکرتیری کشتی ڕێکخراوی کۆمەڵەی نەتەوە یەکگرتوەکان دای، لە کەل ئەووتوویژەی دەربارەی ئەم مەسەلەیە لە گەل سەرکردەکانی پورتوگال کردی.

بەڵام هەروەکو لە سەرەوەتمان، وەزعی ئەنگولا، بەلایەکی ترا کەیتو جورەو کێرو ڕفتیلی وەزعی جیایە- کایەوە.. وەکو ئەیزانین حکومەتە تازەکەی پورتوگال بەڵێنی دا کە دان بە مافی چارەنووسی - مستعمرە - تایبەدا بێنێ.. بەڵام ئەم قسەو بەڵێنەسەبارەت بە ئەنگولا ئەنجامیکی تری دایە دەست ئەنجامەکەش ئەمەیە :-

ڕێژیمە تازەکەی پورتوگال پێشنیازی کرد کە جۆرە دەنگ دانێک لە ئەنگولا دا ساز بکری، بۆ ئەوەی بزانرێ گوایە گەلی ئەنگولا ئەیەوێ لەگەڵ پورتوگالدا یەکبگرێ یاخود سەربەخۆیی ئەوێ ؟! جا ئەم پێشنیازە بوو بە هۆی ئەوەی گە ساردی و ناخۆشی ناکۆکی بکەوێتە نێوان سێ هێزە سەرەکیەکەی شورشی ئەنگولاکە ئەمانەن :-

- **بەرەی گەلی ڕزگاری هێنەری ئەنگولا .**
- **بزوتنەوەی گەلی ڕزگاریخوازی ئەنگولا .**
- **یەکێتی سەربەخۆیی نیشتمانی ئەنگولا .**

لە سەرەتا دا یەکێتی سەربەخۆیی نیشتمانی ئەنگولا ئەویشنیازەی پەسند کرد و ڕابەرەکەی ڕیککەوتنامەیەکی لەگەڵ حکومەتی پورتوگال مۆرکرد بە مەبەستی وەستاندنی ئەقە، بەڵام دوو بزوتنەوەکەی تر، بەم پێشنیازە قایل نەبوون و بەجۆرە نەخشەو پیلانێگیان دا ناکە دژی گەلی ئەنگولا لە ئارادایە.

لە بەرامبەر ئەو هەڵوێستەی یەکێتی سەربەخۆیی نیشتمانی ئەنگولادا کە لە پورتوگال نزیک بۆوە، هەردوو بزوتنەوەکەی تر چوستو چالاکی خۆیان پتر ترکردو جەنگاوەرانیان لە ناوچەی ژوورو ناوچە عەسکەریە پڕ لە نەوتەکەی نزیک گابندا زیاتر لە جاران دەستیان کرد بە هێرش بردنە سەر ئوردوگاکانی لەشکری پورتوگال ئەو ناکۆکیەی کەوتۆتە ڕیزی ئەو سێ هێزەی شۆڕش، بێ گومان زیانێکی ئەوەرە بەمەسەلەی ئەگەلی نەنگولا ئەیەنەو کار بەشتی‌ترەوە خەریک ئەکاتو دوور نیە کە مەسەلەکە سەرەکیو ترنکە کە ئارادایەک بخرێتە لاوەو دەرفەتو هەلیش ئەداتە دەست ڕێژیمی پورتوگالو لایەنە ڕاست ڕەوو (الیسار) ناحەزانی گەلی ئەنگولا بۆ ئەوەی نەخشەو پیلانە چەپەڵەکانیان جێ بەجێ بکەن.

ئەوەی شایانی باسە بەرەی نیشتمانی ڕزگاریخوازی ئەنگولا لە (٥٠٠٠) جەنگاوەر پێک هاتووە لە ناو ئەنگولادا بەگژ هێزەکانی پورتوگال دا ئەچنو ئیمپریالیزمی پورتوگالیش (٧٠) هەزار سەربازی شەڕکەری لە ئەنگولادا هەیە.

هەروەها لە ئەنگولادا نیو ملیون ئەوروپای پێست سپی هەیە کە لە دەرەوە هاتوون و لە ئەنگولادا جگە لە داوو دەزگاکانی تری ئیمپریالیزمو بێگانە یەکێتی بازرگانیو پیشەسازی هەیەو ٦٠ هەزار ئەندامی هەیەو ٥٪ ی ئەم ئەندامانە ئەفەریقاییەنو ئەوانی تر پێکهاتەن ٠٠ ئەفسەرانی لەشکری پورتوگالیش لەم مەسەلەیە دا ئەبن بە دووبەشەوە، بەشێکیان کە چاوەڕوانی وەزیفەو پلەی بەرزئەکەن لەلشبونە، داوای چارەسەر کردنی مەسەلەی ئەنگولا ئەکەنو ئەوانی تر لە بەرژەوەندیان لە مانەوەی شەڕی ئەنگولادا هەیە داوای مانەوەی شەڕ ئەکەن.

insitut kurde de paris

ڕێژیمی سعودی خزمەتی بەرژەوەندی مونوپۆلەکانی ئەمەریکا ئەکات... !

لەم بارەیەوە گۆڤاری - نیوزویک - نووسیویەتی ئەڵێ :

« شانشینی عەرەبی سعودی گەورەترین وڵاتی خاوەن نەوتە لە ناوچەکەداو ئەو پارەیەی لەم ڕووەوە دەستی ئەکەوێ لە هی ئەمەریکا وژاپۆن بتیرە.. کە چی ژمارەی دانیشتوانی سعودی یە ٨ ملیون کەسە.. بەڵام ڕێژیمی سعودی، هەرچەندە مەلیک فەیسەڵ بەئنیشی داوە ناتوانی لە ٢٠٪ ی ئەو پارەیە بتەرخەج بکات بۆ ئاوەدان کردنەوەی وڵاتو جێبەجێ کردنی بڕۆژەی هەمە چەشنە چونکە، بینای بنچینەیەکی دارایی هاوچەرخ (عصری) لە سعودیەدا نیە ».

گۆڤاری نیوزویک، بەوقسەیەی ئەیەوێ سەر لە خەلکی بشێنێ و ڕوی ڕاستی بشارێتەوەو ئاکانە بڵێ ڕۆژهی سعودی ئەکات کە گرایە سوچ لە کاربەدەستانیە کە ئەو پارەیە بۆ ئاوەدان کردنەوە خەرج ناکەن چونکە بنچینەیەکی دارایی هاوچەرخ لە سعودیەدانیە .. بەڵام هەموو کەسێک باش ئازانی کە مەسەلەکەئەوەنیە بەڵکو مەسەلەکە بەبارێکی تردا ئەپرات و بینای سیاسی و سروشتی ڕێژیمی دەرەبەگو ئەکلێرکی و کۆنەپەرستی سعودی کۆمپێکی هەرە گەورەیە لە بەردەم ئاوەدان کردنو پێشخستنی ئەو وڵاتەدا .

ڕێژیمی سعودی ئیمرۆکەپاسەوانەو بەرژەوەندیەکانی ئیمپریالیزمی جیهانی و بەتایبەتی بەرژەوەندیەکانی ئەمەریکا لە ناوچەکەدا ئەپارێزێ و هەرچەندە ئەمەریکا بەناشکرا پشتگیری سەهیونیستەکان ئەکاتو دوژمنایەتی بزوتنەوەی ڕزگاری نیشتمانی گەلانی عەرەب ئەکات، کەچی ڕێژیمی کۆنەپەرستی سعودی لەهەموو سات و وەختو بۆنەیەک دالایەنی ئەمەریکای گرتوەو بۆتە پاڵپشتی ئابووری حکومەتی واشنتۆن لە ناوچەکەدا، بە تایبەتی دوای ئەوەی ڕاۆتۆلە ئاسیاو ئەلەمانیای ڕۆژئاوا لە ئەوروپا ئەوەوەرە یان نەماکە جاران ئەیانگێڕا لەپێناوی

دانا
کردویە بە کوردی

هەروەکو ئاشکرایە لە کۆتایی ساڵی ١٩٧٣ دا نەوت چوار ئەوەندەی جاران



مەلیک فەیسەڵ

گران بوو. ئەم گران بوونەش یارمەتیەکی بەرەی جیهانی بەلایەکدا خست کە خزمەتی بەرژەوەندی وڵاتانی خاوەن نەوت بکات جا لیرەوە داهاتی نەوتی وڵاتانی عەرەب کە ساڵی ١٩٧١ نزیکەی ٦ ملیار دۆلار بوو، ساڵی ١٩٧٤ گەیشتە ٦٠ ملیار دۆلارو سێیەکی ئەم داهاتەش هی ڕێژیمی سعودی بوو.

ڕاپۆرتێکی تایبەتی بانکی دەوڵەتان ئەڵێ واچارەڕوان ئەکرێ کە داهاتی وڵاتانی عەرەب لە نەوتدا ساڵی ١٩٨٥ لە هەزار ملیار دۆلار تر بێ. هەروەها « ئەو پارەیەی کە لە خەزێنەی وڵاتانی خاوەن نەوت (ئۆپیک) دا کۆئەبێتەوە هەرپشەیەی بەراکردنی شۆڕشێک ئەکات لە پەیوەندی ئابووری و وزەی نێو دەڵەتانەدا بەتایبەتی لە ١٠ ساڵی ئایندەدا ».

وە بەگوێرەی ئەو ڕاپورتە ئەبێ ساڵی ١٩٧٤ داهاتی نەوتی ڕێژیمی سعودی بگاتە ٢٢ ملیار دۆلار.. وەکو زانراویشە دەسکەوتی سعودی یە ساڵی ١٩٧٢ لە نەوتدا تەنیا ٣٫١ ملیار دۆلار بوو. جا ئەوپارە زۆرە ئەبێ چی بەسەر میرو شیخو کاربەدەستانی ڕێژیمی - ڕیاضی - بهێنێ.

مامۆستایەکی هەلکەوتووی تیرە کە گەلیک قوتابی لە سەردەستی خویدا پێ گەیاندوە کە هەموو گەیشتنە پایەی بڵندو بەرز . هەموو ژیانی خۆی بە باس و لێکۆڵینەوە و دەرس وتنەوە و خواپەرستی رابواردوە، جگە لە زمانی زکماکی خۆی ، زمانی عەرەبی و تورکی و فارسیشی زۆر باش زانیوە .

جەمال بابان

شاکارەکانی مامۆستا سەعید کابان لە نوسیندا ئەمانەن :

١ - کتێبی (گلزار) کە ئەمە رێزمانی کوردیەو بەناوی (مختصری صرف و نحوی کوردی)یەوە سالی ١٩٢٨ لەچاپی داوەو بە یەکەم کتێبی رێزمان ئەژمێرێت لە کوردوستانی خواروداو وسەرچاوەیەکی بەنرخە بۆ ئەو کەسانەی خۆیان لەگەڵ زمانی کوردیدا خەریک ئەکەن .

٢ - کتێبی مێژووی پۆلی سێ هەمی سەرەتایی کە لەگەڵ سەید فەتاح و سەید نوری بەرزنجیدا دایان ناوە .

٣ - کتێبی (دین) بۆ پۆلەکانی چوارو پێنج و شەشی سەرەتایی .

٤ - خوێندنەوەی کوردی بۆ پۆلی سێی سەرەتایی ، ئەمەیان لە چاپ نەدراوە .

٥ - جوغرافیای پۆلی سێ ، لە چاپ نەدراوە .

٦ - اصولی تجوید ، لەزمانی بیگانەوە وەری گێراوەتە سەر کوردی و لە چاپ نەدراوە .

٧ - کتێبی (٦٠٠٠) مەسەلەی حیساب ، لەعەرەبیەوە وەری گێراوەتە سەر کوردی .



(مامۆستا سەعید کابان لە چەند دێرێکدا) :

- مەلا سەعید کوری مەلا حەسەنە ، لە سلێمانی هاتۆتە دیناوە .

- لە مزگەوتی (بن تەبەق) لە سەر دەستی مەلای بە ناوبانگ عیرفان ئەفەندی (نحو ومنطق وفقە وریاضیات و جوغرافیا ودین)ی خوێندوە .

- لە سالی ١٣٢٦دا ، بە ئیستا (مفتشی پەروەدەیە) .

مامۆستای قوتابخانەی (نموونەی ابتدائی) لە سلێمانی دامەزراوە بۆ ووتنەوەی دەرسی دین و فارسی .

- لە سالی ١٣٢٩ دا بۆ بە مامۆستای قوتابخانەی روشدیەی عەسکەری هەر لە سلێمانی .

- سالی ١٣٣٠ بۆ بە مامۆستای قوتابخانەی (تشویقیە) لە سلیمانی .

- دوای ئەوە بۆ بە مامۆستا لە قوتابخانەی (سعادت) .

- سالی ١٩٢٢ بۆ بە مامۆستا لە قوتابخانەی (محمودیە) کە لەماوەی حوکمی شێخ مەحمودی حفیددا کرایەوە .

- دوای حوکمی شێخ مەحمودیش ، لە قوتابخانەکانی قەرەداغ و سەرگەلو وقامجوغە مامۆستا بووە .

- سالی ١٩٣٥ گوێزراوەتەوە بۆ قوتابخانەی (خالدیە) لە سلێمانی تاکو لە ١-٣-١٩٣٦ لەکارخرا .

- دوای ئەوە بۆ بەکارگێری قوتابخانەی (معرفە)ی ئیواران لە سلێمانی .

- دوای ئەوەش هەر بەدوای نووسین و خوێندندا وێڵ بوو و هیچ کاریکی بۆ نەگونجا .

- لە رۆژی ٥-٧-١٩٦١ لە سلیمانی ، فەرمانی یەزدانی بەجێ هێناوە .

- دوای ئەوە بۆ بە مامۆستا لە قوتابخانەی (سعادت) .

- سالی ١٩٢٢ بۆ بە مامۆستا لە قوتابخانەی (محمودیە) کە لەماوەی حوکمی شێخ مەحمودی حفیددا کرایەوە .

- دوای حوکمی شێخ مەحمودیش ، لە قوتابخانەکانی قەرەداغ و سەرگەلو وقامجوغە مامۆستا بووە .

- سالی ١٩٣٥ گوێزراوەتەوە بۆ قوتابخانەی (خالدیە) لە سلێمانی تاکو لە ١-٣-١٩٣٦ لەکارخرا .

- دوای ئەوە بۆ بەکارگێری قوتابخانەی (معرفە)ی ئیواران لە سلێمانی .

- دوای ئەوەش هەر بەدوای نووسین و خوێندندا وێڵ بوو و هیچ کاریکی بۆ نەگونجا .

- لە رۆژی ٥-٧-١٩٦١ لە سلیمانی ، فەرمانی یەزدانی بەجێ هێناوە .

- دوکۆژری بەجێ هێشتوە (عزت) کەسەرۆکی شارەوانی سلێمانی بوو وئێستا (مدیری واردات)ە و (بهجت) کە ئەویش وەک باوکی مامۆستاو ئیستا (مفتشی پەروەدەیە) .

بەشی دووەم

مەجید نەدیم - لەعەرەبیەوە کردویە بە کوردی

بۆرجوازیەکان ئەیانویست بەخەڵکی بسەڵمێنن کە ئەم رێژیمی سەرمایەداریە . چۆنەهەر ئەبێ وابێ و گۆڕانی بۆنیە، ئەم نەگۆرانەش سەنگی کێشانەبۆژیان و بەم سەنگە ئەبێت هەرچیەک هەیەو نیە بیکێشی ،

هەروەها ئەبێت لەکەلەبەری ئەم سەنگەوە تەماشای هەموو رووداوێک بکرێ .. جا کەئەبینین بەهۆی لاوازی و نەتوانینی ئەو مرۆڤانەوە .. بۆرجوازیەکان لەژێر بەرداشی پیۆنستیشە ئەم گۆشەگیری و دورکەوتنەوەیەش باس بکرێت چونکە باس کردن و شی کردنەوەی دەرمانی چارەسەرێتی و روون کردنەوە ی دنیای « واقعیەتە » .

هەروەها لەچیرۆکی « بۆرد نبرۆکس » کە سالی ١٩٠١ بڵاوی کردەوە نهێنیەکی گرنگی میژوویی دژیوونەوە کەبۆتە هۆی ئەوەی چژن « هونەر

رێبێک لە نوسینەکانی "توماس مان"

ئەم فەلسەفەیەیان دا بەئاسانی لەشی ئەو پاڵەوانانەی (چیرۆکەکانی توماس مان .. کەچارەنوسیان بەمردن کۆتایی دێ) ئەم چیرۆکەشی ئەگەرینەوە بۆ ئەهارن و ئەکەن بەخۆڵ ،شتێکی سەیرنیە .. چونکە بەشی زۆری ئەم پاڵەوانانە خۆیان بەئیشەوە خەریک ناکەنو دانیشتون و لەسەر ئەو موچەی« تەقاویتی »و ئەو ساماناتانە ئەژین کەلەکەس و کاریانەوە بۆیان ماوەتەوە .. هەروەها دوریشن لەو جموجۆلەی کەلەناوژیان دا هەیەو خۆیانی تێ ناگەیەنن . لەگەڵ ئەوەی« تۆماس مان » دەری خستوە کە « ئەم فەلسەفەی بۆرجوازییەسەنگێکی بێ نرخەو ئەو بایەخ و جێگا عیلمیەی نیە کە « ژیان »ی پێ بکێشرێ ، لەبەر ئەوەی کەرێکەوتیش تارادەیەک دەوری لە رووداونی ئەم کارەساتانەدا » هەیە هەرواش بۆمان باس ئەکات کەئەم دورکەوتنەوەو گۆشەگیریەی « پاڵەوانەکان » کاری ئەوشتە نەفسی و « فیزۆلۆجی » یانە نین بەتەنیا کە پاڵیان پێوە بنێت بەرەو ئەو ژیانە.. ئەوەی کەپاڵ پشتی ئەم هۆیانەن ئەوئەلقەی چینایەتیەیە کە بەوپەری توانا وە بەکۆمەلیەوە بەستونەوەهەروەها ئەم « پاڵەوانانە »ش .. خۆیان ئەو خۆ بەخێوکەرانەن کە بەسەر خەڵکەوە ئەژین و لەناو زەڵکاوی سەرمایەداری دامەلەیان لەپەلوپۆ کەوتوە .

مەبەستی « تۆماس مان »لەنوسینەکانیدا ئەوە نیە کە بەشانو بالی گۆشەگیری و دورکەوتنەوەدا هەڵ بدا .. ئەیەوێ لەهەموو کەسێکی بگەیەنێ کە ئەم « سیفاتانە » شتێکی زۆر ناڵەبارو خراپن و بەئاسانیش لەناو ناچی ..

باوکت لەسەفەرێکی دوور دەرێژە باوەرناکەم بێتەوە .

بەڵام یادگارێکی بۆ بەجێ هێشتویت و ووتویەتی :

کە گەورە بو ئەو یادگارەی پێ بیەخشە .

دەباشە تۆخوا دایە گیان بمەرێ .

کورم وەصیەتی باوکت نابەیتە سەر . تاکەورە نەبیت ئەو یادگارەت نادەمی .

ئەی ئەوەنیە گەورە بووم .

نا هێشتا ماوتە .

ئەی دەباشە پێم بڵێچی یە .

نا کورم هێشتا ماویەتی .

نا کورم هێشتا وەختی نیە وماوێتی هێنایەوە بەخۆی داو ئەم قسانە لەمێشکی دا ئەزرنگایەوەو شێوەی دایکی وخوشکەکەی و دراوسێ کەیانو منداڵی دراوسێ کەیانی هاتەوە بەرچاو .

بۆ ؟؟؟؟؟؟؟!!

دەستی دایەوە بەرچنەکەو خۆی کرد بەرەزەکەدا ، تەماشایەکی هێشووە تری کانی کرد کەوەک شێر ، وەک سەرباز وەک جەنگاوەرێک لەسەنگەردا وەستابوون و دلیشی نەئەهات لێیان بکاتەوە .

چارنیە ، هەر ئەبێت بەرچنەیەک لێ بکەمەوە و بیبەم بۆ فرۆشتن .

لەپر ناڵەیەهەستاو سەیرێکی ئاسمانی کرد ، ناڵەیەکی کەش هەستا دوکەل بەری ئاسمانی گرت ، خێوەت کلپەی سەند ، زریکە هەستا ، ژنو پیرو منداڵ راپەرین .

خۆی دابەزوی دا ، نیشتە سەری بۆمبایەکی کەی لەرەزە کەیان دا دابەزەوی دا . منداڵ لە خوینی خۆی دا گەوزا ، فرۆکەکان گەرانەوە ، کلپە دامردەوە، خێر خوایان هاتن بەدەنگیانەوە منداڵ لە خوینی خۆی دا تلی خوارد بولە حەوت سالان راستبۆوە .

منداڵێکی ٨ ساڵە هەیە



ظاهیر ئەحمەد
سەوز - سولەیمانی

رزگاری ئەکەین ، هەر دەنکەلێک ئەکەین بە فیشەکێک و ئەینین بە سنگی دوژمنەوە .

نەوتی هەموو وولات ئەکەین بە سەر دوژمنا و گری تی بەرئەدەین هەر ئەیستێنینەوە .

بە چەکو بازوی دلسوزان .

بە بیروباوەری دلسوزان

پێی ئەنا بە ئەرزەکەدا بەبیروباوەرێکی تەواوە، نیشانەی منالێکی لێقەوماوی پێخاوسی لەسەر زەوی دروست ئەکرد ، چمکی کراسەکەی بەرز کردەوەئارەقی دەم و چاوی تەپ و تۆزاوی چەند ساڵەی پێ سڕی ،نیشانەیەکی کەی لەسەرکراسەکەی دروست کرد نەخشەی وولاتە داگیر کراوەکەی تازە کردەوە .

ملی رێگاکەی گرت و رووی کردەرەزەکەی ئەوبەر ، تاقە جێماوی باوکی کەبۆی بەجێ هێشتوون . ژیانی ئەو خێزانە بەم رەزە ئەچو بەرێوە .

نزیک بووەوە لەرەزەکە ، لەژێر ئەودار چوالەیەدا سرەوتێکی گرت کە کانیاوێکی ساردی لێ ئەهاتە دەرەوە ، قەوزەو قیرەقیری بۆق و گیا لەمبەروئەوبەری جۆگەکە دیمەنێکی جوانی سروشتی خولقاندبو .

ئاورێکی دایەوە بۆ دواوەریزە خێوەتەکەی دی کە چەند ساڵێکەو فامی کردۆتەوە دێتەبەرچاوی .

نەی ئەزانی بۆو بۆچی بەمشێوەیە ژیان ئەبەنەسەر ؟ نەشی ئەوێرا لەدایکی بپرسێ ،چونکە هەر چەند لە دایکی ئەپرسی باوکم لە کوێیە ؟

وەڵامی نەئەدایەوەو هەناسەیەکی دوورو درێژی هەڵ ئەکێشاو فرمێسک لە چاوەکانی دا قەتیس ئەماو ئەی ووت :

کورم خۆت خەریک مەکە بەم پرسیارەوە .

کورتە چیرۆک :

پێشکەش بەمنالە فەلەستینیەکان .

بە هەڵپەرکێ و داپەرکێ وفیکەلێدانو کۆرانی ووتن خۆی کرد بە ژوری خێوەتەکەداوپەلاماری بەرچنەکەی داو نای بەنەپەی شانیەوە ، وەک جەنگاوەرێک چەکەکەی بنێت بەشانیەوەو بەرەو مردن بروات لە پێناوی رزگار کردنی خاکی داگیر کراوی دا .

وەک پەپولەیەک ئەفری لەمبن دار بۆ ئەو بن دار . سرودی سەرکەوتنی لەکانگای دڵیەوەوە ئەووت :-

وولاتم ، وولاتم خۆشەویستە
خاکی زێرو زیوە .
رۆڵەی نەبەزو دلێرە

بالداری ئازادی

شەمال

رۆژی لە دایک بوونی سیریوجا هاتە پێشەوە ، بەو بۆنەیەوە زۆر دیاری و خەڵاتی وەک فڕفڕۆکەو ئەسپ و وێنەی بۆهات ، بەڵام مامەکەی بەنرخترین خەڵاتی دایە: ئەویش تۆڕی راوکردنی بالندە بوو لەکاتی راوا ، دان لەسەر تەختە کە ڕۆ ئەکرێ و تۆرەکە ئەخریتە پەنایەکی ماڵەکەوە ، کە بالندەی بچکۆلە دێت بەسەر تەختەکەوە ئەنیشێتەوەو تەختەکە دێتەوە یەکێ تۆڕەکە لەخۆیەوە دائەخرێ ... سیریوجا خەڵاتەکەی زۆر پێخۆش بوو ، رای کرد بۆ لای دایکی و تۆرەکەی پێشان دا . دایکی پێی وت :-

- ئەمە یاریەکی تازەنیە ، دوای ئەوە بالندە کەلکی چی ئەگری بۆ تو بۆچی ئازاریان ئەدەی ؟

- ئەیانخە مەقەفەزەوەو بۆم ئەخوێنن ، منیش دانیان ئەدەمێ سیریوجا دانی پەیدا کردو بەسەر تەختەکەدا بڵاوی کردەوە تۆرەکەیشی لە باخچەکە داناو چاوەروانی هاتنی بالندەکان بوو بەڵام لێی ئەترسان و نزیک تۆرەکە نەئەکەوتنەوە ، سیریوجا تۆرەکەی بەجێ هێشت و چوو نانی نیوەڕۆ بخوا ، دوای نان خواردن هاتەوە تەماشای کرد تۆرەکە هاتۆتەوەیەکو بالندێک لە ناویا بالەفڕیەتی . سیریوجا زۆری پێ خۆش بوو، بالندەکەی گرت و بردیەوە بۆ ژوورەوە .

- دایە ، دایە تەماشاکە ئەم بالندەرەم راوکردوە ، وابزانم بلبلە ، سەیرکە دڵی چۆن بە خێزایی لێ ئەدات .

دایکەش وتی :- ئەوە پاساریە ، ئازاری مەدە ، باشتر وایە بەرەڵای کەی .

- نەء خۆم دانو ئاوی ئەدەمێ .

سیریوجا پاساریەکەی حستە قەفەزێکەوەو دوو رۆژدانو ئاوی دایەو قەفەزەکەی بۆ پاک کردەوەو رۆژی سێیەم بیری چوەوەو ئاوەکەی بۆ نەگۆڕی .. دایکی پێی وت :

- چاکتر وایە بەرەڵای کەی .

- نەء ، بیرم ناچێتەوە ، وائێستە ئاوەکەی ئەگۆڕمو قەفەزەکەی پاک ئەکەمەوە .

سیریوجا دەستی گەیاندە ناو قەفەزەکەو خەریکی پاک کردنەوە بوو ، بالندەرەکە ترساو کەوتە بالە فڕێ .

سیریوجا لە پاک کردنی قەفەزەکە بووەوەو رویشت ئاوی بۆ بهێنێ دایکەکەی بیرچوە هاواری کرد:

- سیریوجا قەفەزەکە داخەرەوە ئەگینا بالندەرەکە ئەفڕێ و خۆی ئەکوژێت .

تا ئەم لە قسەکەی بووەوە بالندەرەکە دەرگاکەی هەست پێ کردو شادمان بوو ، هەردوو بالی کردەوە ، لە ژوورەکە دا فڕی بەرەو پەنجەرەکە بەڵام شووشەکەی نەدی بەری کەوت و لەسەرلێواری پەنجەرەکە نیشتەوە .

سیریوجا رای کردو بالندەرەکەی هەڵگرتەوەو خستیەوە ناو قەفەزەکەبالندەرەکە هێشتا هەرمابوو، بەڵام دەنووکی بەسەر سنگیا شۆڕ کردبووەوە بالەفشەی پێکەو تبو ، بەگران هەناسەی ئەدا ، سیریوجا بەگەرمی چاوی تێبڕی و دەستی کرد بەگریان .

- دایە چی بکەم ئێستا ؟

- تازە بەسەر چوو .

سیریوجا تەواوی ئەو رۆژەی بەلای قەفەزەکەوە بەسەر برد تەماشای بالندەرەکەی ئەکرد ،

بڕوانە ل -٧-



کە تەنیایی ... بم خواتەوە .. و ..
پەپوولەی بێ دەنگی باغچەی نامەکانت
نەم دوێنن
ئیتر دووری لە تۆ نەشمیل !
ئەبێ بۆچی نەم گرینن...؟!

✧✻✧

کە فرمێسک ... بم شواتەوە .. و ..
هەناسەکان بەڕێم بکەن بۆ هەم خواردن
ئیتر گیانە هەناکو گەی ...؟
بۆ تەنیایم
ئازارەکان ... نەدرکێنن ...؟!

✧✻✧

گەر بیەڵن .. ئەی درێنم
کە ناتوانم ... لە مەزیاتر ...
دڵو گیانم ...
بکەم بەدورگەی ئازاری زامەکانم .. !
کە ناتوانم ...
بڵێم : تۆوای لە بەهەشتا .. و ..
دەرگای دۆزەخ داخراوە
نا .. نا نەشمیل !
ئەی درێنم
داخ کراوین
دەر کراوین
سەر بڕواین
بەش خوراوین ..!

✧✻✧

گەر وانیە ...
کوا ..؟ کام .. ویژدان سالی جارێ
هەر بۆ جارێ ...
خۆی لەئەڵ خۆی :
باسی ریاو درۆ ئەکا ..؟!
گەر وانیە ...
کوا ..؟ کام .. ئابڕوو سالی جارێ
هەر بۆ جارێ ...
نەفرەت لە بێ ئابڕوو ئەکا ..!؟

* * *

ئاخ ... نەشمیل گیان !
قولاپ لە ووشەکان گیرە .. و ..
نایەڵن هەلەی ئاسودە ...
لە بەهەشتی دەر بڕینا
بە ئارەزووی خۆیان بکەن
نا .. نایەڵن هەرچی خەمی ...
ئازاری ناو دورگەمانە
بی درکێنم ...!
نا .. نایەڵن .. نا .. نایەڵن ..!!

* * *

✧✻✧



شیعری : لۆرد بایرۆن
محیی الدین شێخانی کردویە بە کوردی

ئەی شۆخو شەنگی ئەسینا
بەر لەوەی دەس لێک بەدەین
بیلێوە ئاە .. بیلێوە بۆدڵە زارەکەم
ئا لەو ساکەی دڵ دەفڕینی
بیپارێزە .
نەشمیلەکەم ، سەر هەڵبڕەو بمدوێنە
ئەم داوایەم بەجێ بێنە
« هۆ گیانەکەم .. خۆشم دەوێی » .
سوێندت دەدەم بە زولفی پەرێشانت
بەو پێڵووانەی کەوا کوڵمت ماچ دەکەن .
بەو چوتە کوڵمەی کە وەک شەکرە سێوی ناسکن
بەو چاوانەی نیگاکەیان
چاوی ئاسکن
وە بەو لێوە ئاڵەی کە بۆ مژینی شەیدام
بە کەمەری تۆندو تۆڵت
بەو گوڵانەی کەوا دەدوێن
بە دڵداری ، بەمەینەتو شیرینیەوە
« هۆ گیانەکەم .. خۆشم دەوێی » .
ئەی شۆخو شەنگی ئەسینا
وا من دەڕۆم
لە تەنیایی یادم کەوە
هەرچەندە بەرەو ئەستەنبوڵ دەکەومە ڕێ
گیانو دڵم هی ئەسینان
ئاخۆ بۆم دەکرێ دڵداریت فەرامۆش کەم ؟
نەخێر .. هەرگیز .
« هۆ گیانەکەم .. خۆشم دەوێی » .

پیۆنستیشە ئەم گۆشەگیری و دورکەوتنەوەیەش باس بکرێت چونکە باس کردنو شی کردنەوەی دەرمانی چارەسەرێتی و روون کردنەوەی دنیای « واقعیەتە » .

هەروەها لەچیرۆکی « بۆرد نبرۆکس » کە سالی ١٩٠١ بڵاوی کردەوە نهێنیەکی گرنگی میژوویی دژیوونەوە کەبۆتە هۆی ئەوەی چژن « هونەر

رێبێک لە نوسینەکانی "توماس مان"

ئەم فەلسەفەیەیان دا بەئاسانی لەشی ئەو پاڵەوانانەی (چیرۆکەکانی توماس مان .. کەچارەنوسیان بەمردن کۆتایی دێ) ئەم چیرۆکەشی ئەگەرینەوە بۆ ئەهارن و ئەکەن بەخۆڵ ،شتێکی سەیرنیە .. چونکە بەشی زۆری ئەم پاڵەوانانە خۆیان بەئیشەوە خەریک ناکەنو دانیشتون و لەسەر ئەو موچەی« تەقاویتی »و ئەو ساماناتانە ئەژین کەلەکەسو کاریانەوە بۆیان ماوەتەوە .. هەروەها دوریشن لەو جموجۆلەی کەلەناوژیان دا هەیەو خۆیانی تێ ناگەیەنن . لەگەڵ ئەوەی« تۆماس مان » دەری خستوە کە « ئەم فەلسەفەی بۆرجوازییەسەنگێکی بێ نرخەو ئەو بایەخ و جێگا عیلمیەی نیە کە « ژیان »ی پێ بکێشرێ ، لەبەر ئەوەی کەرێکەوتیش تارادەیەک دەوری لە رووداونی ئەم کارەساتانەدا » هەیە هەرواش بۆمان باس ئەکات کەئەم دورکەوتنەوەو گۆشەگیریەی « پاڵەوانەکان » کاری ئەوشتە نەفسی و « فیزۆلۆجی » یانە نین بەتەنیا کە پاڵیان پێوە بنێت بەرەو ئەو ژیانە.. ئەوەی کەپاڵ پشتی ئەم هۆیانەن ئەوئەلقەی چینایەتیەیە کە بەوپەری توانا وە بەکۆمەلیەوە بەستونەوەهەروەها ئەم « پاڵەوانانە »ش .. خۆیان ئەو خۆ بەخێوکەرانەن کە بەسەر خەڵکەوە ئەژین و لەناو زەڵکاوی سەرمایەداری دامەلەیان لەپەلوپۆ کەوتوە .

مەبەستی « تۆماس مان »لەنوسینەکانیدا ئەوە نیە کە بەشانو بالی گۆشەگیری و دورکەوتنەوەدا هەڵ بدا .. ئەیەوێ لەهەموو کەسێکی بگەیەنێ کە ئەم « سیفاتانە » شتێکی زۆر ناڵەبارو خراپن و بەئاسانیش لەناو ناچی ..

باوکت لەسەفەرێکی دوور دەرێژە باوەرناکەم بێتەوە .

بەڵام یادگارێکی بۆ بەجێ هێشتویت و ووتویەتی :

کە گەورە بو ئەو یادگارەی پێ بیەخشە .

دەباشە تۆخوا دایە گیان بمەرێ .

کورم وەصیەتی باوکت نابەیتە سەر . تاکەورە نەبیت ئەو یادگارەت نادەمی .

ئەی ئەوەنیە گەورە بووم .

نا هێشتا ماوتە .

ئەی دەباشە پێم بڵێچی یە .

نا کورم هێشتا ماویەتی .

نا کورم هێشتا وەختی نیە وماوێتی هێنایەوە بەخۆی داو ئەم قسانە لەمێشکی دا ئەزرنگایەوەو شێوەی دایکی وخوشکەکەی و دراوسێ کەیانو منداڵی دراوسێ کەیانی هاتەوە بەرچاو .

بۆ ؟؟؟؟؟؟؟!!

دەستی دایەوە بەرچنەکەو خۆی کرد بەرەزەکەدا ، تەماشایەکی هێشووە تری کانی کرد کەوەک شێر ، وەک سەرباز وەک جەنگاوەرێک لەسەنگەردا وەستابوون و دلیشی نەئەهات لێیان بکاتەوە .

چارنیە ، هەر ئەبێت بەرچنەیەک لێ بکەمەوە و بیبەم بۆ فرۆشتن .

لەپر ناڵەیەهەستاو سەیرێکی ئاسمانی کرد ، ناڵەیەکی کەش هەستا دوکەل بەری ئاسمانی گرت ، خێوەت کلپەی سەند ، زریکە هەستا ، ژنو پیرو منداڵ راپەرین .

خۆی دابەزوی دا ، نیشتە سەری بۆمبایەکی کەی لەرەزە کەیان دا دابەزەوی دا . منداڵ لە خوینی خۆی دا گەوزا ، فرۆکەکان گەرانەوە ، کلپە دامردەوە، خێر خوایان هاتن بەدەنگیانەوە منداڵ لە خوینی خۆی دا تلی خوارد بولە حەوت سالان راستبۆوە .

بڕوانە ل -٧-

Institut kurde de Paris

ئەنجومەنی بەرزی کشتوکاڵ لە پێنج پرۆژەی گرنگ ئەکۆڵێتەوە

چەند رۆژی لە مەوبەر ئەنجومەنی بەرزی کشتوکاڵی لەکۆبوونەوەیکدا لەو باسانە دواوە کە پەیوەندیان بە پرۆژەی ئاودانی ناوچەی مەندەلی یەوە هەیە لە پارێزگای دیالە دا ، بۆ پێش خستنی ئەم ناوچەیە لەهەموو لایەنێکەوە ٠

هەروەها لە کۆبونەوەکەدا باسی هۆی پێش خستن و پێگەیاندنی کادری تەکنیکی لە وەزارەتی (ڕێ) داکراوە بۆتەواو کردنی پێویستیەکانی دامەزراندنی نەخشەی پەرە پێدانی نەتەوەیی داهاتوو (١٩٧٥-١٩٧٩) وە پێش خستنی کشتوکاڵ و چاک کردنی خورماو تەرخان کردنی ناوچەی تایبەتی بۆ خورماو میوە لە پرۆژەی کشتوکاڵ دا ٠

هەروەها لەو کۆبونەوەیەدا باسی زیاد کردنی ئەو پارەیەکراوە کە بۆ دەزگای گشتی هەڵکەندن و ئیستگەو دەزگاکانی کشتوکاڵ تەرخان کراوە بۆ ئەوەی لە پرۆگرامی بەرهەم هێنان دا بکرێت بە ٤٧٣ هەزار دینار لە جیاتی (١٠) هەزار دینار ، ئەویش بۆ کڕینی ٢١٤ ماکینەی هەڵکۆلینی فەرەنسایی (جفارە فرنسیە) ٠

وە لەو کۆبوونەوەیە دا ئەورا پۆرتەی کە دەزگای گشتی پیشە سازی وکیمیایی وخواردەمەنی تایبەتی ناردبوی دەربارەی دامەزراندنی پێنج کێڵگە بۆ تۆی رۆنی نەباتی کە (٥٥) هەزار دۆنم بۆ هەرکێڵگەیەک لە پرۆژەی ئاودانی کەرکوک وئیسحاقی و (دجیلە الخیر) تەرخان بکرێت ٠ هەروەها بۆ ئەوەی بەرهەمی تۆی زەیتی زیاد بکرێت ٠ ئەنجومەنی ناوبراو لەپێویستیەکانی پیشە سازی خوارەمەنی کۆلیەوە ٠

وە لەپاڵ ئەو باسانەش باسی ئەوە کراوە کەوەزارەتی کشتوکاڵ بۆ هێنانی تۆی چاککراو وە دامەزراندنی مەلەبەندێکی نەتەوەیی بۆ ئیکۆلینەوە وفێرکردنی کشتوکاڵ ئەرخان کراوە ٠

وەلەلایکی ترەوە وەزارەتی لێژنەیکی پێگ هێنا بۆ بەشداربوون لە کۆنگرەی حەوتەمینی ناوچەی دارستان دا کە لە ٢٠ ئەیلوولی دووەمی ئایندەدا لە بەغدا ڕێک ئەخرێ ٠

لێژنەی ئاراستە کردنی سەربە ئەنجومەنی نەخشەکێشان بڕیاری لە سەر تەرخان کردنی ١١٠ هەزار دینار دا بۆ بنیاد کردنی تۆرێکی لاسلکی بۆڕێگای هاتوو چۆی ئاسمانی عیراق لە گەڵ چێشتخانەیەک بۆ فەرمانبەرەکانی ٠ وەرازیش بوە کە وەزارەتی گواستنەوە بۆجێ بەجێ کردنی ئەم کارە پارەکە

ئەنجومەنی نەخشەکێشان بڕیاری لە سەر چەند پرۆژەیەک دا ...

خەرج بکات وەهەر وەها لە کۆبونەوەیکدا بڕیار دراوە ٢٠ خانوو لە کۆلیجی کشتوکاڵ ودارستان لە حمام العلیل دروست بکرێت کە ١٥٠ هەزار دیناری تێ ئەچێت وەرێگاشی داوە بە وەزارەتی زانیاری بەرزو لێکۆڵینەوەی زانستی بۆ ئەم مەبەستە پارەکە خەرج بکات ٠

ئەمە جگە لەو ٤٠٠ هەزاردیناڕەی لێژنەی ناو براو بڕاو بڕ فیرتاو کردنی شەقامی (بغدادالدولی) لە شاری موسڵ تەرخانی کردووە ٠ وە هەر وەهابڕیاری داوە کە پرۆژەی ئاوی عمارە لە پارێزگای میسان دابمەزرێت کە ٥٠٠ هەزار دیناری تێ دەچێت لە گەڵ دامەزراندنی پرۆژەی تر لە پارێزگای ناوبراو کە ئەویش (١٨٠) هەزار دیناری تێ دەچێت ٠

٥ ملیۆن دینار بۆ نەخۆشخانەی نازە لە پارێزگاکاندا.

لەبەر ئەوەی کە نەخۆشخانە ، کە جێگای (٣٥٠) قەڵەو ویرەی تیادا دەبێتەوە و لە واسطو ذی قارو هەولێرو کرکوک و قادسیەو ئانبار ومثنی دروست ئەکرێن ٠

هەروەها نەخۆشخانەیەکی گشتی ئیستگەو تەلەفزیون وسینەما دەستی کردوە بە دامەزراندنی ئەم ئیستگە تازانە لە پارێزگاکانی زوورو خوارو پارێزگای دیالەدا ٠

پەهۆی ئەم ئیستگەتازانەوە ئەتوانرێت لەنۆپرۆگرامی تەلەفزیونی بۆماوەی (٦-١٠) کیلومەتر چوارگۆشەیی بڵاو بکرێتەوە ٠

٢٤ ئیستگەی تەلەفزیون

کومپانیایەکی فەرەنسایی ریککەوتوە بۆ کڕینی ٢٤ ئیستگەی ئەلفزیۆنی بو سەرلە نوێ بڵاوکردنەوەی پیروگرامەکانی تەلەفزیون وەئەمەش (١٣٠) هەزار دیناری تێ ئەچێت ٠

وەدەزگای گشتی ئیستگەو تەلفزیون وسینەما دەستی کردوە بە دامەزراندنی ئەم ئیستگە تازانە لە پارێزگاکانی زوورو خوارو پارێزگای دیالەدا ٠

پەهۆی ئەم ئیستگەتازانەوە ئەتوانرێت لەنۆپرۆگرامی تەلەفزیونی بۆماوەی (٦-١٠) کیلومەتر چوارگۆشەیی بڵاو بکرێتەوە ٠

گۆڕینی زانستگای "مستنصریة" بە زانستگایەکی میری

ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆرش بڕیاری دا کە لە سەرەتای ساڵی داهاتوەوە (١٩٧٤-١٩٧٥) زانستگای مستنصریە ببێ بە زانستگایەکی میری و بخرێتە سەر وەزارەتی فێرکردنی بەرزی لێکۆڵینەوەی زانستی ٠

هەروەها بڕیاردرا کە دوو کۆلێجی تەکنیکی لە زانستگایە بخرێتەوە بەشێکی کۆلێجی تەکنیکی بەغدا بکرێت بە کۆلێجێکی تەکنیکی تایبەت بە ئاوەڕۆی ئاماژەی تەکنیکی بەناوەڕۆی ئاماژە

حەسەن زیرەک ی مامۆستا و قوتابخانە

-٢-

لە (١٢) ساڵە ، بووم بە قاوەچی
ئیتر لەکوێرو من لەو ناوەم چی ؟
حەق (١٣) شایی رۆژ تا ئێواری
ئیدی لەو ریسەو ، من لەو داوەم چی ؟
لە (١٣) ساڵە پەیدام کرد بوو ، نێو
نەمدەویست کەسێ من بکا بەخێو
چون ، وردە وردە ، بۆر بوو ، سەری لێو
لە (١٤) ساڵە رۆییم ، نێو بە نێو
پشت لە ئاوایی ، باش رووم کردە کێو
چونکە غرور بووم ، وەکو فەخرە دێو
رۆژێك لەم دێیەو ، رۆژێك لەوشارە
بێ شوێنو بێ جێگە ، بێ لانەو بێ خێو
هیچ نەمدەپرسی ، خراپیو چاکی
هیچ نەمدەزانی ، پاکیو ناپاکی
ژەمێکم دەخوارد ، زۆر بە چاڵاکی
ژەمێك لێم دەکەوت ، لاشو کەلاکی
لە (١٥) ساڵە ، فیکرم هاتە سەر
خۆم ، رازاندەوە ، جلم کردە بەر
دەمگوت : کوڕێکم ، گەنجو پێگەییو
پێم گوت : براله ! من کاری گەرم
بۆ تۆ کار دەکەم ، وەکو سیەرم
ئەمما سەد ، لەعنەت لە پیاوی بەد خوو
چونکە براکەم ، زۆر ، ژن سیفەت بوو
هەقەکەم چەندە ، بوەتە چل تمەن
کە داوام لێ کرد ، پێی ووتم : بۆگەن !
کە هانی لێدام ، بەداسو بەشەن
ووتی : گاڵ بدەم پارچە پارچەتکەن ؟!
ئیتر من دەستم ، لە رۆحم هەڵگرت
ژاندرمە هاتن ، کە لە پچەمیان کرد
شەپێکم لێداو ، قوڕ قوڕچکەم گرت
برازاو براژن ، کە هاواریان کرد
ئاغای دێیەکە ، گەورەم (وێنسخان)
براو کوڕی خۆی ، خانەو محمودخان
ووتیان : کاك مینە ، بۆچ وا هەراتە
تۆ عەیب ناکەن ، حەسەن براتە ؟
جا حەقی خۆم سەند ، هاتم بۆ بۆکان
هاتمەوە سەقز ، بەرزی باوەخان
بووم بە شاگردی ، حاجییێ ، بێ ئیمان
ئەویش تەماعکار ، شەخسێ زۆر گیرفان
لە ماشینی ئەو ، تا شەش حەوت مانگان

ئەمن شاگرد بووم ، شوفێر بەستە زمان
بە شەوو بە رۆژ ، نەمان بوو ، وێستان
کارو پیشەمان ، رێگای دارستان
بارمان مازوو بوو ، تاڵ بوو ، یا گەڵووان
یاگەزۆو پێستە ، سەربارمان ، ئینسان
بەم جۆرە کاروان ، بێخەوی شەوان
دایمە خەتەر بوو ، پێچو (کەلیخان)
رۆژێك چووینە نێو شارەکەی (بانە)
بارمان دەس نەکەوت ، دەرچووین کۆڕانە
هاتین گەیشتینە ، بەردێی (سەبەتلوو)
شوفێر پاڕاوە ، لەترسا ، وەك ، جوو
ئەمنیش وەك چەندخان (ئاخ کسندم) بوو
قەزای رۆژگار ، لە دەستم ، دەرچوو
« ئێستا ، سوفێرم ، هی پیاوێ بەر خوو
چۆن بڵێم لە بانە ، حاجی .. بار نەبوو »
سوارێك پەیدا بوو ، سەلام ! ئەحمەدخان !
ئاغای (بەلوە) بوو ، تەڕپۆشی کوردان
پیاوێکی مەزن ، وێنەی قارەمان
سڵاوێکی کرد ، بەدابی خۆیان
لە بەری هەستان ، ئەمنیەو سەروان
رووی کردە ئێمەو موسافیرەکان
گوتی : بێبارن ؟ بۆچی کوڕەکان
بۆچی بە خالی ، هاتنە کەلیخان
بۆمان گێڕاوە ، بێ باری بانە
ئەمەش لۆریەکەی ، حاجی ئاغا گیانە !

دەستوری فەرمو ، پڕ تاو ، کوڕانە
دادەی داربیڕن ، لەم دارستانە
برای دەنگیدان ، هاتن چەند نەفەر
کوڵکەیان دەبڕی ، وەك کەلاکی کەر
چەند پیاو ، چەند جەهێڵ ، چەند کوڕو کچە
باریان بۆ لێداین ، لەکن (قروچە)
هێندمان بار لێدا ، کەوتینە عەسر
بارمان زۆر زۆر بوو ، کرد بومان ، غەدر
بە یەك سەرکەوتین ، کۆمەك ئەینالان
کوتکم لە سەرشان ، هەتا کەلیخان
بە برسی هاتین ، تا (قوڕە دەرە)
ماشین خەراب بوو ، بووینە مەخسەرە
لەقوڕە دەرەوە ، کە بووین بە مێوان
نانو چامان خوارد ، بووین ، بە پاڵەوان
هێندمان لێداو ، ماشینمان رفان
چوون بێ بەنزین بوو ، کەوتە هانەهان
مسافرمان بوون ، هەشت زەلام یا حەوت
بەجارێ ووتیان : بۆچی پەکمان کەوت ؟
شوفێرمان ووتی : هیچ مەبن سەر چەوت
پولمان بدەنێ ، با زوو بکڕین نەوت
چون بەنزین ، نیە ، ماشین وا خەوت
فیکری رۆژمە ، کە سارد ئەبێ شەووت
بەزەحمەت هاتین ، هەتاکو (ئایچی)
شوفێر بانگی کرد ، کاکی قاوەچی
ئەوە بێ پوڵین ، ئەرۆی لا دەچی
لە جوابا ووتی : برام ، بەمن چی !!
پووڵ بۆ حاجیاغا ، گەلێ مەباحە
چون پیاوی خەراپو زۆر پڕ تەماحە
دایم لە خراپەی ، کارچی فەلاحە
حاجیخان چ خان ؟ یەك زەبەللاحە !
لە بەر بێ پووڵیو لەبەر نا چاری
پە پاڵەو پەستۆ ، بیبەن تا شاری
کۆمەکیان کردین ، زۆر بە زۆرداری
ماشینمان هێناو هاتینە شاری
گەیینە لێژی ، ماڵ (تەیمورزادە)
ماشین بێ بەنزین وەستا ، لە جادە
شوفێر ناچارما ، ماشینی راگرت
بەبێ تاقەتی ، کەوتە دەستو برد
گوتی : لەنێو چێ ، ئەمە ماشینە
حەسەن ! نێو شارە ، زوو بەنزین بێنە

نابێ عومری خۆم ، بدەم بە هەدەر
دەمگوت : کوابراکان ، کوا خوشکەکانم
ئەی کوا وەتەن و خاکی بۆ کانم ؟!
کوانێ جیرانو کوا خزمەکانم
بۆ دەربەدەر بووم ، لە نیشتمانم ؟!
هەمووم دینەوە ، یەك یەكو دوو دوو
بەخراپیان زانیم ، لێمیان نەگرت خوو
گوتم : کەوا بوو ، روو بکەمە ، نێو جوو
دۆستی قەدیمی پاك لەدەست دەرچوو !
دوبارە هەروا ، کەوتمە غەریبی
نەخۆش دەکەوتم ، لەبێ ، تەبیبی
بەبێ دوکتۆر وبێ داوو دەرمان
چونکە بێکەس بووم ، نەبوو عەجیبی
یەکێ بێگەورە ، کە بەڕەڵلابێ
وەك منی لێ دێو زەحمەتە چابێ
هەرکەسێ دایکی ، بێرەحمی وای بێ
دەبێ ، بەم جۆرە وێڵو وریسوابێ !
لە (١٦) ساڵە چەند دەرکەم تەقاند
چەندە دزیم کرد ، چەند سەرم شکاند
لە چەند کەسمدا ، چەندم زامدار کرد
چەند ماڵم بڕی ، گوێسوانەم روخاند
لە (مەراغە)دا ، بووم بە تووتنچی
رۆیشتمە (تەورێز) بووم بە قاچاقچی
شەوێك کە گیرام ، مردن لای وی چی ؟!
تارۆژ لێیان دام ، بە دارو قەمچی
هەتا (٢٠) ساڵە کەس نەیگوت تۆ چی
هەرگە بەریاندام رووت وەکو ، نەیچی
لە تەورێز بوومە ، شاگرد قەنادچی
رەفیقم کێ بوو ؟ پاك هەرچیو پەرچی
رۆژێ حەقم سەند (٢٥) قڕان
چی بدەم بەسیغار ، چیم دەدا ، بە نان
چیم بۆ لیباس بوو ، چیم بۆ کرایە خان
ئاوا دەمگوزەراند ، موسوڵمانەکان !
ئەوەندەم کار کرد بوو ، بوو بووم شەلەو گێڕ
هاتمەدەر ، بووم ، بە شاگردی شوفێر
نەمدەدا خاوە ، نەشم دەستان باج
ماڵو مەنزڵم ، قولنجکی گەراج
چەندە پەندم دی ، بووم بە (٢٤)
باز بێ عەقڵ بووم ، بێ شەرمو بێعار
رووم کردە (تاران) بۆئیشو بۆکار
تاکەی بەم جۆرە ، هاوار سەد هاوار !
بێکەسو بێدەر ، گەیشتمە تاران
چەند شەونخوونی ، چەند بەفرو باران
مەئیوسو بێکار ، بێ پوڵو بێ نان
ئینجا خۆم کوتا ، بەرەو (خووزستان)
چەندە (ئەهواز) و (مسجد سلێمان)
تا (خورەم شەهر) و شاری (ئابادان)
هەر چەندە گەڕام کارم دەست نەکەوت
نە لە کارخانەو نە شیرکەتی ، نەوت
شەو پەڕیمەوە ، بە دزی ، بۆ ، بەسرا
ئەو وەختە لەوێ ، زۆر زوڵم دەکرا
چەندە غەریبو بێکەس دەکوژرا
ئەمنیش لەترسان ، کارم بۆ نەکرا
ووتم : وا چاکە ، بچمەوە ، ئێران
بەرەو دوا هاتم ، دڵ پڕ لە گریان
یەکسەرە ، هاتمە چۆمی (مجید خان)
هاتمە لای برا لە « قەرە موسەیلیان »
دڵ پڕ لە ئاوات هاتمە لای برا
تا براژنی باش ، بۆم هەڵگا چرا
ئەوان دەوڵەمەند ، ئەمن بێ نانم
هەر چەند هەڵوەداو دژو عاجز بووم
(والله) لاوێکی ، پاكو تەمیز بووم
براژنم ووتی : واهات کوڵکنە
براژاش ووتی : چەند ئەسپێ وونە !
بوومە ، نۆکەریان ، بوو بوومە ، کاردار
بەشەو ئێشکچی ، بە رۆژ باروکار
سەرەڕا ، روانیم ، براکەم کزە
براژنم وتبووی : کە حەسەن ، دزە

لاپەڕە - ٥ -

هەندێك خوڕەوشت لەخوازبینی و مارەکردندا

تا چەند ساڵێکی کەم لەمەوبەر گەنجی ئەوروپایی ئەچووە لای باوکی خۆشەویستەکەیو پیی ئەوت .

« ئەمەوێ دەستی کچەکەتم بدەیتێ بۆ ئەوەی ببێتە هاوسەرم !! »

بەڵام ئەم رەوشتە لە هەموو ئەوروپاو ئەمەریکای سەروودا بەسەر چوو .. لە رەگو ریشە دەرکێشرا .. چونکە کاتێ باوکی کچە خۆی ئەبینییەوە راستەو راست لەگەڵ مێردی کچەکەیایەتی نەك لەگەڵ دەزگیرانەکەیدا . ئیتر چۆن پارێزگاری ئەو خوو رەوشتەیان بۆ بکرێت !؟

لە خوارووی رۆژهەڵاتی ئەفەریقا .. ئەگەر کورێك لە تیرەی - ماشینجا - بیەوێ ژن بێنێ .. ئەوا بە کوڕی مامەکەی ئۆی رائەکەیەنێ کە کچی مامی خۆشەویستەکەی راسپێرێ بۆ ئەم مەبەستە .. کچی مامەش بە ئافرەتەکەو دایکو باوکی ئەڵی .. لە حاڵەتێکا ئەگەر رازی بوون .. ئەوا برای بووکێ هەواڵ دێنێ بۆ خوشکی زاوا .. خۆ ئەگەر رازیش نەبوون ئەوا هەر بە ریگاکەی خۆیا .. واتە کچی مامی ئافرەتەکە وەڵامی کوری مامی گەنجەکە ئەداتەوە .. وە لەم حاڵەتانە دا بۆ ئەوەی بە ئێجگارەکی بەندی دڵی گەنجەکە نەپچڕێو شپرزە نەبێت .. هەڵگری هەواڵی ناخۆش - رازی نەبوون - لەگەڵ خۆیا چکلێت یان شیرینی تر هەڵ ئەگرێت بۆ ئەوەی پێشکەشی کوڕەی کات .. وە بەم بۆنەیەوە لە زمانی ماشینجا دا - شیرینی پێ بەخشراو - مەعنای « **تۆمان ناوێ** » ئەبەخشێ .

لە ئەمەریکای خوارووودا .. تەنیشت زەریای ئەتڵەسی .. گەنجی هیندی لە تیرەی - ئۆیامنی - بە چیچکانەوە لە بەردەمی ئەو زنجە دا دائەنیشێ کە خۆشەویستەکەیی تیابە .. ئەبێ قژی پیاوانی ئەو تیرەیە دەمو چاویانی پێ بۆیە ئەکەن .. **« ئەم گەنجە لەو ناوە دا بۆ ماوەی رۆژێك یان دوان وەیان سێ رۆژ ئەبێتە مەخسەرەی هەموو خەڵکیو هەر کەسێك دێت نووکە شەقێك یان جنێوێکی پێ ئەگەیەنێ .. ئەمیش بێ ئەوەی فزە بکات ئارام ئەگرێ ... »**

« وە لە دوایی‌دا کوڕە شانازی بەوەوە ئەکات - کاتێ کە بە تانو پۆی ژنەکەیا دێت - کە کوایە سێ رۆژ لە چاوەروانی دا بەرگەی گرتووە لە پێناوی دا » .

ئەمجا ئەگەر دایکی کچە لە زنجەکە هاتە دەرێو بەنەرمیو رێژەوە بە کورەکەی وت **« ئەرێ ئەوە ماندوو نابیت وا بەم جۆرە دانیشتوویت ؟! »**

بەگورجی گەنجەکە ڕاست ئەبێتەوەو سوپاسی ئەکاتو ئەو ناوە بەجێ دێلێ چونکە ئەمە یەعنی « داواکردنەکەت رەفز کراوە » .

وە لە تیرەی « کوکو کوکو » لە - گینیای نوێ - .. ئەوەی بیەوێ ژن بێنێ بە سەر شۆڕی ڕوو ئەکاتە ماڵی باوکی ئافرەتەکە .. بێ ئەوەی سەر هەڵبڕێو سەیری کەسیان بکات دائەنیشێ .. لەسەر دۆشەك نا .. بەڵکو لە تەنیشت دۆشەکەکەوە .. وە کە کاتی داوا کردن هات .. نابێ بە دەنگی بەرز ناوی کچەکەیان بێنێ .. دوایی بانگی ئەکەن نانیان لەگەڵا بخوات .. ئەگەر چیشتەکە کچەکە .. یان دایکی کچە لێی نابوو .. ئەوا پیویستە خێرا داوای لێ بوردنیان لێ بکات .. وە ئەگەر وا نەکات .. ئەوان فەرمووی لێ ئەکەن بۆ دەرەوە .

رەئووف حەسەن
لە گۆڤاری (العصر الجدید)ەوە وەری گرتووە

کوردو چاو.. یا چاوی خۆت بدوزەرەوە!

پاشماوەی : ژمارەی پیشو

م.ز



١ - چاوی قەتیس ٢ - چاو بڵح ٣ - چاو خەمگین ٤ - چاوی نهێنی ٥ - چاو چڵوفل ٦ - چاو نەوسن ٧ - چاوی قین ٨ - چاو مەنگ ٩ - چاو خوار ١٠ - چاوی نەترس ١١ - چاوی خاو ١٢ - چاو نەڕم ١٣ - چاوی بز ١٤ - چاو داوڵ ١٥ - چاو باشقاڵ ١٦ - چاو ئەبڵەق ١٧ - چاوی شۆڕ ١٨ - چاو مۆن ١٩ - چاوی ناز - ٢٠ - چاو حیز ٢١ - چاو قایم ٢٢ - چاوی بەد ٢٣ - چاوی پاك ٢٤ - چاوی تانەدار (بۆ جاڕسەختی) ٢٥ - چاوی بێ تانە (بۆ خۆشەویستی) ٢٦ - چاو چنۆك ٢٧ - چاوی قێل ٢٨ - چاوی پان ٢٩ - چاوی پەشیمانی ٣٠ - چاو تێر ٣١ - چاوی گاز ٣٢ چاو خومار ٣٣ - چاوی ناپاکی ٣٤ - چاوی داوێن پیسی ٣٥ - چاوی دژوار ٣٦ - چاو خەواڵوو ٣٧ - چاو زەق ٣٨ - چاو باز ٣٩ - چاو بەلەغەم ٤٠ - چاوی تامەزرۆیی ٤١ - چاوی پڕوپوشاوی ٤٢ - چاوی دەرپۆقیو ٤٣ - چاوی ریبۆقاوی ٤٤ - چاوی ئاوارەیی ٤٥ - چاوی خێل ٤٦ - چاوی قیچ ٤٧ - چاو دڕاو ٤٨ - چاو بەکڵ ٤٩ - چاو تاكلایت ٥٠ - چاو هەڵمات ٥١ - چاو مواوی ٥٢ - چاو لەککدار ٥٣ - چاوی قووڵ ٥٤ - چاو شەشوپێنج ٥٥ - چاو داگر ٥٦ - چاوکز ٥٧ - چاو زیتکاوی ٥٨ - چاو نەزێر ٥٩ - چاو خۆماڵی ٦٠ - چاو بڵ .

شوبهاندنی چاوی مرۆڤ بەچاوێ هەندێك گیان لەبەر

« سەرنج : ئەمجۆرە چاوانەتەنیا لە زماندا باوون .. کە ئەمەی خوارەوە مشتێکە لە خەروارێ ، مەلۆیەکە لە خەرمانێك ... »

١ - چاو نۆما (جوانوو) ٢ - چاو کوندە بۆ ٣ - چاو قاز ٤ - چاو سیخوڕ ٥ - چاوسوچەڕ ٦ - چاو مارمیلکە ٧ - چاو مەڕ ٨ - چاو تانجی ٩ - چاوکەو ١٠ - چاو قەتێ ١١ - چاو چۆلەکە ١٢ - چاو پشیلە ١٣ - چاو مار ١٤ - چاو بۆق ١٥ - چاو ماسی ١٦ - چاو مامز ١٧ - چاوورچ ١٨ - چاو قنگە مامر ١٩ - چاو مەیمون ٢٠ - چاوکەر ... تاد » .

شوبهاندنی چاوی مرۆڤ بە جمادات و سروشت

« سەرنج : هەروا هەرچەندەیش ئەم چەشنە چاوانە لەسەر زاری کورددا زۆرئەگوترێ .. بەڵام ئەمەیان زۆر قابیلی (تطور) وگەشەسەندنە .. یانی ئەتوانین بەپێی یاسای (تطوری حضاری) گەشەی پێبدەینو بڵێین : (چاو ئەپۆلۆ) (چاو ئەتۆم) (چاو مێگ) (چاو سکای لایپ) (چاو تەلەفیزیۆن) (چاو دینەمۆ) (چاو بورغی) (چاو لوونا) (چاو سۆفیا لۆرین) (چاوسینەما) (چاو ئەنجیلادیڤیز) (چاو کیڤارا) (چاو مەکاریۆس) (چاو تەلەفۆن) (چاو ئارسین لوبین) (چاو ... تاد) »

١ - چاو قلەتیسك ٢ - چاوقلەترێ ٣ - چاو کونە کۆتر ٤ - چاو کەلاوێژ ٥ - چاوبادەم ٦ - چاوقشپڵ ٧ - چاوهەرمێ ٨ - چاو پیاڵە ٩ - چاو شووشە (دەسکرد) ١٠ - چاو چاڵینکە (بۆمریشك) ١١ - چاو کوڵەشووشە ١٢ - چاو پیاڵە ١٣ - چاوی خەیاڵ ١٤ - چاو خۆر ١٥ - چاوی شەو ... تاد .

فولکلورو چاو

ئەو (چاوە) جوانە تۆ هەڵیان دێنی
رۆژێ یەکێکمان لێ ئەمرێنی
سۆڵەو دڵێژە ، بەربنەی خاوێ
هەموی بەقوربان یەك (نەزیر) (چاوێ)
(چاوان) مەرێژە ، بەکلی جوولەکە
مەمکت پەروەردەی ، سوخمەی بوولەکە
هەر هەندەم ماوە بمێنێ لەقەفەس
نە (چاو) تێر دەبێ ، نەدڵدەڵێ : بەس
شەرتە لە داخت شانم بەکۆڵ کەم
بچم بۆ ئێران ، بەر (چاو)ت چۆڵ کەم
(چاوان) مەرێژە ، وابەکلەوە
وەك کەوی نزار ، خاڵ بەملەوە
ئەو (چاو)ە رەشە ، لێم هەنجلانی
سەرت ناوەسەر ، ماڵم رمانی

ئەدەبیات و چاو

ئەو (چاوە) غەزاڵە ، فەتارەتی سەروماڵە
ئەو نیرگزە کاڵە ، نەمنی هێشتو نەکاڵا

(نالی)

(چاوەکەم) زانیوتە بۆچی خەو لە (چاو)م ناکەوێ
چونکە من پێش خزمەتم ، پێش خزمەتان نانوون شەوێ

(کوردی)

خوین لەدڵ بۆ (چاو) لە (چاو) بۆ رومەت
وەکو یاقووت تك تك سەرزەوی ئەکەوت

(سالم)

(چاوە) کەت مەستە ، بەناحەق فێری مەیخانەی مەکە
لێی گەڕێ ، مەمنونی بەزمی دەردی پەیمانەی مەکە

(ئەدیب)

گەلاوێژە ، گەلاوێژی دوو (چاو)ت
درەوشاوە ، سەرو ریشم سپی بوو

(حاجی نەمر)

(چەم) پەی فەرشی پات ، موژەش چون خارەن
بەڵام چیش کەرۆ ، چارش ناچارەن

(مەولەوی)

لە (چاو) م خوێنی جاری کرد ، وەهم رەنگی لە روو بردم
ئەم ئاشوبەی دڵو دینە ، بەلێوی ئاڵو (چاو)ی کاڵ

(مەحوی)

بە گولزاری کەرەم قوربان ، دەپرسی گەر لە ئەحواڵم
نەخۆش و مەستو سەرخۆش و خوماری (چاوە)کەی کاڵم

(وەفایی)

لە ژێر برژانگەوە ، پرشنگی (چاو)ی وا بریسکەی دا
وتم : سەیالەیی بەرقە ، لە هەوری رەش بوە پەیدا

(پیرەمێرد)

ئەوا بەردی ئەجەل هاتو لە شوشەی عومریدا ، سادەی بەقوربانی پیاڵەی (چاوەکەت) بم ، تێکە فینجانێ

(حەریق)

بووکی رازاوەی خەیاڵم ، چاوەکەم ست فاتیمە
تاقە پڕشنگێکی چاوت ، ئەو پەڕی ئاواتمە

(هەردی)

زۆر قژی زەرد ، سەرنجی راکێشاوم
زۆر (چاو)ی شین ،، داویە پڕشنگ لە چاوم

(گۆران)

(چاو) هێلانەی ئارامی دڵ پەنجەی ناسك ، دەسی وەك گوڵ

کامەران

چاوم پشکوتوی ساخەکانتە
حێری ژیانی ... باخەکانتە

(دڵدار)

(چا)م لەباخی زستانا پشکوتوە
لەدارستانی ئازارا پێم گرتوە

(شێرکۆ)

سەد وەستا بێنن لەشاری کۆیێ
سەد شاگرد بێنن لەلای شنۆیێ
کراسی بدرون ، لەگوڵی لیمۆیێ
بۆ (چاو) هەڵۆیێ
دەبڵا تەنك بێ
دەبڵا شلك بێ
بۆ (چاو) هەڵۆیێ

(رەحمان بەکری موکری)

(چاوەکەم) (چاوم) لە (چاوانت) بڕی
جار بەجارێ رووبە (شۆ) (چاو) هەڵبڕی
دیارە شەیدی (چاوی) تۆیە (چاوەکەم)
من وەکو پەروانە تۆش چەشنی گڕی

(دوکتۆر شۆ)

Institut Kurde de paris



مێژووی ماد

٢٠١ دیاکۆنۆف نوسیویەتی
برهان قانع لە فارسیەوە
کردویە بە کوردی

-٢٣-

ئەم لێکدانەوەیە بیرورای خۆمە کە پادشاهانی ئێران نووسراوەکانی خۆیان بەزمانی گرنگترین ئەندامی ئەمپەراتوریەتەکەی خۆیان نوسیوە • لەو کاتەدا هیچ زانیاریەك لەبارەی عیلامەوە بەدەستەوە نەبووە بەڵام زانیاری ئەو رۆژە ئاگای لە کیشوەری ماد بووەو شارەزای روژگاری ماد بووە وە مادیان بە مەرکەزێکی پادشایی گەورە دائەنا کە بەر لە دامەزراندنی ئەمپەراتوریەتی هەخامەنشیەکان ماد بووە ، بەڵگەی تەواوی بیروراری (ئوپرت) زۆر لاوازە ، (دلاتر)و(١٢٤) (ویسیاخ) (١٢٥) ئەو بیرورایەیان بە تەواوی داوەتە دواوە ، تەنیا یەك بەڵگەی بە دەستەوە ماوە کە وشەی ماد لە زمانەکانی هیندو ئەوروپاییدا نیە (١٢٦) •

لە شوێنەوارە هەڵکەندراوەکانی شوش پایتەختی عیلام (ناوچەیەك لە خوارووی رۆژئاوای ئێران (لە دەراوی روبارەکانی کرخەو کارون) مەرگ ئاڵایە نووسینەکانی (ئوپر) • ئەو نوسینو بەڵگەو سەنەدانەی کەلەوێدا دۆزرابونەوە (کە لە هەزارەی سێیەم دەست پێ ئەکاتو لە سەرەتای سەدەی چوارەمی پیش زاینیدا کۆتایی پێدێت) ئەوەیان سەلماند بە تەواوی زمانو نووسینی عیلامی لەکاتێکدا کەلە هەزارەی سێیەمی پیش زاینیدا بووە تارادەیەك لە بەشی دووەمی نووسراوە هەخامەنشیەکانی دەر ئەکەوێ وە ئەتوانرێت بە شیوەیەکی رەوان ببینریت • لێکوڵینەوەکانی دوایی ئەوە دەر ئەخات کە زمانی عیلامی لە پارس بەهادار بووەو لە دەوری هەخامەنشیەکانیشا دیسان لەپارسدا زمانی ئیداری دەوڵەت بووە •

(ن • یا • مار) دوایی زۆر تیکوشاوە تاکو نووسینەکانی (ئوپر) زیندوو بکاتەوە (ن • یا • مار) نوسینی زمانی عیلامی زۆر ئەخوێندەوە بۆ ئەوەی نووسراوەی زمانەکانی (یافثی) لە هەمو دنیادا نمونەیان بێنێتەوە ، بەڵام ناوی زمانی عیلامی نەبردوە ، وە ئەمەش لەبەر ئەوە بووە کە ئەوانەی بەرپەرچی ئەمیان ئەدایەوە واتا ئارەزو خوازانی زمان شوناسی زمانی ناوبراو ئەیان وت (ن • یا • مار) بێ ئەوەی بەڵگەیەکی بە دەستەوە بێت بەبی هیچ مەرجو بەستنێك(١٢٧) ئەو زمانە بە زمانی ماد دائەنێ • بە داخەوە گەلێك لە رۆشنبیرانو زانایانی ئازربایجانی دیسان تا ئەم رۆژگارەی دوایی بەشوێن ئەوا رۆیشتن وە مەسەلەکەیان بە سەرپێییەوە سەیر ئەکردو بە سادەیان ئەگرت •

بەم شێوەیە لەگەڵ ئەوەدا بەڵگەی زمانە ناوچەییو کۆنەکانی ماد زۆر کار ئەکاتە سەر چارەسەر کردنی گیروگرفتی ئاڵۆزاوی ئەو کەسانەی کە بە شوین میژووی ئەو رۆژگارەدا بە پەرۆشن وە ئەهمیەتێکی زۆریان هەیە بۆ چارەسەر کردنی دودڵیەکانیان • تا ئیستە ناتوانین لەم روەوە هیچ شتێك بڵێین ناوی شوێنەکانو نژادو نووسراوەی ئەو کەسانە کە لە سەردەمی ناوبراوا هاتووە رەنگ بێ بە جیا جیا سودیان لێ وەر بگیرێت؛ وە ئەمە نیشانەی ئەوەیە لەو سەردەمەدا کە مەبەستەو لە فڵان شوێنی دیاریکراوا زمانێکی تر کە بۆ ئێمە روناك تر بێت بەنرخ نەبووە •

لە لایەکی تریشەوە لە سەرەتای سەدەی هەشتەمی پیش زاینیدا (یان تاکو کۆتایی سەدەی نۆیەم) سەرچاوە (ئاشوری - بابلی)یەکان گەلێك ناو هەیە کە تارادەیەك ریشەیان لەزەمینەی هیندو ئەوروپاییدا یان ورد تر بڵێین ئیرانیدا هەیە ، وە بە تایبەتی لە بارەی مادی رۆژهەڵاتەوە دەست ئەکەوێت (١٢٨) •

ئەو نووسراوانەی کە نووسەرە یۆنانیەکان بۆ ئێمەیان باس کردوە - لە رۆژهەڵاتو رۆژئاوای ئەو سەرزمینەدا - زوربەیان بەم جۆرە بووە • گەلێك ناوی شوێنی تر هەیە کە پەیوەندن بەو سەرچاوە باسکراوانەوە • نووسەرە یۆنانیەکان دیسان چەند وشەیەکی مادیان لەناو نووسینەکانی خۆیانا هێناوە ، ئەو وشانەی کە باسکراوون هیندو ئەوروپایی - یان رون تر بڵێین - ئەوانە ئیرانین • وەکو ئەوە وایە وشەی مادی ئەسپك « سەگ » کە هرودوت نووسیوێتی وە وشەی مادی « تیگریس » « تیز » کە (ئاسترابون) هێناویەتی (١٢٩) لە زمانی ئاوستادا (ئەو زمانەی کە شێوەی بە تەواوی دراوەتە بەر سەرنج وە کەرەسەی زمانی ئەو بە تەواوی ئیرانیە) ئەسپگ بە (سەگ) وە تیگریس بە (تیزی) و (نوکە تیر) و (تیر) ئەڵێن • لە زمانە ئیرانیەکانی ترا چەند ریشەیەکی پەیوەند بە یەکترەوە هەیە • چەند شێوەیەکی زمانی تر دیسان بە رێکەوت لەنووسراوەکانی سەردەمی کۆندا لە زمانی ماددا ماوەتەوە • بە گشتی ئەوانە ئەتوانین بڵێین هەمویان زمانی ئیرانین •

ئاسترابون جوگرافیا زانی سەدەی یەکەمی زاینی ئەوەی درکاندوە کە زمانەکانی مادو پارسو باکتریەکان لەیەك ئەچن (١٣٠) دیسان باسی ئەوەی کردوە کە زمانی ئەسکیتەکان لە زمانی مادەکانەوە نزیکن ، هەمو ئەو نووسینانەی سەرەوە ئەم نووسینانەی خوارەوە ئەسەلمێنن : ئەو زمانەی کە بە زمانی خەڵکی سەردەمی کۆنی مادەکانیان ناو ئەبرد پەیوەندی بە زمانە ئیرانیەکانەوە بووە ، وە لەم راگوزەرەدا وەکو ئەو زمانانە بووە کە هۆزە نیشتەجێکان بوویانە ، وە بەلای کەمەوە زوربەی هوزە سەحرانشینەکانی ئاسیای ناوەراست - کە زوربەیان نەوەکانیان ئیستاش بە زمانێك لە زمانە تورکیەکان قسە ئەکەن - بەبێ جیاوازی هەمویان لە سەردەمی کۆندا بەو زمانە دواوون (تاکو یەکەمین سەدەی زاینی) • لەو جێگایە کە ئەم زمانە - لەناو کۆمەڵگای ئێرانیدا - لە سەردەمی کۆندا بە

بڕوانە ل -٧-

مامۆستا خلیل وەڵامی چوار پرسیار ئەداتەوە

مخلص

جەلال سنجاوی : ئامادەی کردوە

« ئای چەند خۆشە تاکو شاعیرانمان لە ژیاندا ماون باوەشی رێزو حورمەتیان بۆ بکەینەوەو کۆری ئەدەبیان بۆ ساز بکەینو بە خزمەتیان بگەین ••• بۆ ئەوەی لە دوا رۆژا پەنجەی پەشیمانی نەگەزینو نەبێتە کەسەر لە دڵمانا ••• »

دەمێك بو سەودای ئەو رۆژە بووم کە بلوێ بۆمو بە دیدەنی شاعیری کلاسیکی هاوچەرخو لێهاتوو مامۆستا خلیل « مخلص » خاوەنی چامەی « وولات هەی وولات » و « بواری دەشتی قەراج » و « کە قارەقاری مەڕ هات » بگەمو چاوم بە دیدەنی رۆشن بکەمەوەو هەندێ پرسیاری ئاراستە بکەم •••

ئەوەبو لە رۆژی (٢٧-٧-١٩٧٤) بە هەڵم زانیو بە هەر چۆنێك بێت خۆم گەیاندە حوجرەی مامۆستا لە گوندی « دووسەرە »و چەند پرسیارێکم لێ کرد •• ئەمیش زۆر بە گوشادیو دڵفرەوانی وەڵامی ئەدامەوە •••

« مخلص » شاعیرێکی کارامەو لێ هاتوو مەلایەکی پیتۆڵو زیرەکو بەهرە تەقیووە ، خاوەن بیرو هۆشێکی فراوانو بە پیتە ••• شیعرەکانی لەگەڵ ئەوەی کە لە قالبێکی کلاسیکی دارژاندوە لە هەمان کاتیشدا تامو بۆی فۆلکلۆری لێوە دێت •• لەو گفتوگۆیەی کە لە نێوانماندا روی دا ئەو پرسیارانەم لێ کرد :

● پرسیاری یەکەم : مامۆستا تکایە سەرجەمی ژیانی خۆتمان بۆ باس بکە ؟ ••

ناوم مەلا خلیلو کوری رەسول کوری مستەفاو لە تیرەی « سنجاوی » مە ••• ناز ناوی شاعیریشم « مخلص »ە •• لە ساڵی (١٩١٠)ی زاینی بەرامبەر بە (١٣٢٩)ی کۆچی لە یەکێك لە هەوارە دڵگیرەکانی دەشتی « قەراێ » لە رەشما لان هاتومەتە دنیاوە :

کوردان لە هەرلا بۆ « قەراج » دەچون
تا دەمی دورنە لەوێ گیر دەبون
هەر وەکو ئەوان ساڵێك لە ساڵان
باوکم ماڵ دەبا دەچتە رەشماڵان
بووار خۆش بووە ، لەو بووارەدا
منی دەرخست خوا لەم هەوارەدا
مێژویی « هیجری » لەو دەم وای دەگۆ :
هەزارو سێ صەد بەر لە بیستو نۆ(١)

هێشتا مناڵ بووم کە باوکم کۆچی دوایی کردو منی بە هەتیوی لە باوەشی دایکی میهرەبانو بە سۆزم بەجێ هێشت •

کە تەمەنم گەیشتە پێنج - شەش ساڵان دەستم بە خوێندن کرد لە لای مەلا گەورەو زاتە بەرزەکانی ئەو سەردەمە ••• بەڵام لەبێ بەختیو چارە رەشی خۆم هەندەی نەبرد کە دایکیشم کۆچی دوایی کرد ••• بەم جۆرە بێکەسو بێ دەر مامەوە ••• هەر چەندە ژیانی هەژاریو بێدرامەتی بەتەواوەتی رەشماڵی رەشیان بەسەر دادابووم ، بەڵام دەستم لە خوێندن هەڵنەگرت تاکو تەواوم کرد ••• وە کە ئیجازەی مەلایەتیم پێ سپێردرا لە گەلێ شوێن مەلایەتیم کرد تاکو لە کۆتایی دا گوندی « دووسەرە »م کرد بە جێگای ژیانم ئەمەش تەواوی پێناسەکەمە :

باوکو دایکم کوردنو سنجاوی‌یە هەم هەر دوو لام
نیشتمان مانە عیراقو شاری هەولێرە لیوام
ناحیەم قوشتەپەیەو دێم دوسەرەی ئاغا فتاح
نەقشەبەندیو شافعیمەو شاعیری چاکو مەلام

● پرسیاری دووەم : لە کەیەوە دەستت بە شیعر ونوسین کردوە •••؟ کام شاعیرت بە دڵەو کاریان کردۆتە سەر شیعرکانت ••؟



بەخوا •• ئەوەی راستی بێت ناتوانم بە تەواوەتی ساڵێك دەست نیشان بکەم بۆ دانانی یا دەست پێ کردنی شیعرەکانم •• بەس وا بزانم لە دەوروبەری ساڵی (١٩٣٠) کە تەمەنم ئەوسا (٢٠) ساڵان بو بەرە بەرە شیعرم ئەنوسیو ئەم خوێندەوە •••

وە لەو شاعیرانەی کە بە دڵمەو کاریان کردۆتە سەر شیعرەکانم : (بێخودو حەمدیو ناڵیو حزینو لە فارسیشدا : حافیزی شیرازیو شێخ سەعدی شیرازی)ە •• چەند شیعرێکیشم تەخمیس کردوون • بۆ نمونە ئەمە شێعرێکی

بڕوانە ل -٧-

پەندی پێشینان

خالید جوتیار
کۆی کردۆتەوە

× سەبیلی خۆی توتنی خەڵکی
× گا جوتی نەدەکرد ، جوتیار منەی دەکرد
× دەمە چیت لێ کەمە
× رێی دور دەرمان نیە
× لە ئاوی مەنگ بترسە
× شەڕو نیوە شەڕ هەر یەکە
× تۆ نە ئەو
× هەتا گندۆر گندۆر بو ، قەومو قیلەمان زۆر بو
× پیاو بە وەسیەت نامرێ
× کەوچك لە ئاش گەرمتر
× دۆ بدە بە بێ دۆ یان ، وا ئەزانی ماستە
× سوار بون عەیبێکە ، دابەزین دوو عەیبە
× لە هەمو دیزان ئەسکوێیە
× نانی بێ خوێ ئەخوات قسەی ترش ئەکات
× کەم بژی ، کەڵ بژی
× بە تەماشا کەس نەبوەتە پاشا
× هەر سمێڵو مەقەستێك
× لە لایەك شایی‌یە ، لە لایەك شیوەن

پۆستەی خوێنەران



برایەکمان داوای کردوە لە ماهیەتی (پۆستەی خوێنەران) بکۆڵینەوە ، ئەوا بە کورتی ئەڵێین :

پۆستەی خوێنەران ئەو قوتابخانەیەکە قوتابی رۆژنامە نووس ئەپالێویو لایەنە روخاوەکانی بەرهەمەکەی سەر لە نوێ دروست ئەکاتەوەو شارەزای رێگاو رێبازی رۆژنامەگەری ئەکاتو لە هەمان کاتا پردێکی خۆماڵیانەیەو هەزاران روشنبیرو نوسەری دڵسۆز بە سەریا ئەپەڕنەوە بۆ شاری ئەدەب !!

گۆشەکەمان زۆر ئێسك سوکە ••! رەوانە •• لە روی کەس دانامێنێ •• بە تەنگ دڵی هەمو کەسێکیشەوەیە ••

× کاك نەریمان داود لە هەولێرەوە ئەڵێ :

(چار مانگ دەبیتن شەعرەکم لۆ ناردن بۆم بدەن لە چاپ) •• قوربان کاك نەریمان •• ئەو شەعرەی ! جەنابت لۆت ناردین پێمان نەگەیشتووە ، ئەگەرنا هەر لەگەڵ گەیشتنیا دەمو دەس لەم گۆشەیەوە وەڵاممان ئەدایتەوە ••

× کاك هەنجیرەیی :

قسەی خۆمان بی ! (ناواخنی زامە دزراوەکان) زۆر تووڕەیە، ویستمان ئەوەندەی کە زۆر گەرمە ئاوی پیاکەینو سارد بێتەوە کە سەرنجمان دا ئەبو بە خەڵوز ••! چەند خۆش ئەبو نووسینەکەتان یان لە چیروك یان لە شیعر بچوبایەو نازی بڵاو کردنەوەی خۆی ببردایەتە سەر •

× کاك شیرزاد عبدالرەحمان نانەکەلی لە هەولێر :

سوپاسی ئەو دۆستایەتیو هەوڵدانە گەرمو گوڕەت ئەکەین کە بێ پشو پەیوەندیمان لەگەڵا ئەبەستی •• کاکی برا ، ئەو باسەی (ئاراگون) کە لە رۆژنامەی (الثورە)وە کردوتە بە کوردی پێویستی بەدەسکاری هەندیك لایەنی ئەدەبیو رواڵەتی نوسینەکە ئەکرد •• جگە لەوەش نازانم بۆچی هەندیك لە رستەکانی ماناکانیان جەمسەرەکانی پێکەوە جۆشیان نەخواردوە !! نووسینەکانی جەنابت هەمووی یەك بابەتن ئەگەر شێوەی بابەتەکانی بگۆڕی لامو ایە خوێنەر تامو چێژی زۆرتر لێ وەر بگرێو زۆر تر سودمەند بێت •

بڕوانە ل -٧-

گەر بتوانم یان بۆم بکرێ



گەر بتوانم
یان بۆم بکرێ ••!
گەر لە وزەی دەروونما بێ
شیعرێك ئەڵێم
سەرزەنشتی کۆمەڵ بکات
* * *
ئەم جیهانە تێوەر دەدەم
جیهانێکی نوێ دروست ئەکەم
* * *
گەر دەفتەری سەرەنجامی خەڵکم پێ بێ
ئەم کۆمەڵگایە رەفز ئەکەم
جارێکی تر ••• من سەر لەنوێ
کۆمەڵگایەك دروست ئەکەم
* * *
ئەم ساختومانە گەورانە ئەروخێنم
من سەر لەنوێ ••• نەخشەی خانووی
چەوساوەکان دائەرێژم
* * *
شارستانێتی ئەمڕۆکە بەگیر دێنم
پێشکەوتنێك بێتە ئەنجام
کولیرەی رەنجبەرانی کورد ببرژێنێ
* * *
دەرگای زیندان لە جیهانا
لە ناوەوە سەرکڵۆم کەم
گیانە تەزیوە خەوتوەکان
هەڵ بستینم
هەموی قێری (درومان) کەم
* * *
گوێی روژنامەکانی دنیا
خۆشەویستی تیا بچێنم
پێیان بڵێم
درۆ نەکەن •••!
هەواڵەکان
بەلای کەس ئاوەژۆ نەکەن

- ئەردەلان -

کاتێ لێم دوور ئەکەوێتەوە

ئایا زانیوتە کە من بێ تۆ دور لە خەڵکمو بە تەنیا ئەژیم ! هەمو رۆژێك چاوم لە رێگاتە •• بەڵکو چاوم بە بینینی تۆ شاد ئەبێو باوەڕیان پێ مەکە •• لەتۆ زیاتر چاوەڕوانی کەس ناکەم •

ئازیزەکەم •• دڵ لە دڵ مەدە تا کۆتایی ئەم نامەیە بخوێنەوە لەگەڵ ئەوەشدا کە لێم دوریو هیوام پێتە •• ئێستاش ئەتبینم بە دەمو چاوێکی ئاڵۆزەوە تێم رۆژێك لە کاتی بەیانیانا پەنجەرەی ژورەکەم ئەکەمەوە بۆ ئەوەی روناکی تۆ لە پەنجەرەی ژورەکەمەوە بیتە ژورێ •• چاوەروانی سێبەری باڵات ئەکەم ، پێش ئەوەی بگەیتە دەرگای ژورەکەم •••

ئەڕوانی • بۆ ؟

ئازیزەکەم! ئایا ئەزانێ هەمو درۆیان لەگەڵ کردی •• باس منیان ئاوەژۆ بۆ کردی •

چەند جوانە کاتێ خۆم لەناو کەشتی و نیگای چاوەکانتا ئەبینمەوە ، سکاڵای ئەم ژیانە پڕ لە ئیشو ئازارەی لە دوێنێوە تاکو پارو ئەولاتریشت بۆ هەڵ ئەڕێژم •• بە دوو لەپی ناسکت دەستەکانم ئەگوشی ، ئەو کاتە زیاد لە هەموو کاتێك تۆم لە لا ئەبیتە فریشتەیەك شەوو رۆژ هانا بۆ جوانیو پرشنگی نیگا جوانەکانت ئەهێنم ••

ئازیزەکەم •• ئایا ئەزانی کە وێنەی خۆم لەناو مەنگی دەریاکەدا بینی وەکو رۆژی کاتی ئاوابون وابو ؟

ژیانی من گورانی بە خوشەویستی هەردوکمانا ئەڵێی و جوانیو شۆخی توێ شەرمن ئەلاوێنێتەوە •

هەمو کاتێك بە تەنیایی لە ژورەکەما ئەسوڕیمەوە ، هاوڕێو دڵدارو هام نشینی راستەقینەم هەر رازی تۆیەو لەگەڵ رازی خۆشەویستی تۆدا ژیان بەسەر ئەبەم •

چەند خۆش بو ئەورۆژگارەی چۆلەکەکان ئەیان جریواندو منو تۆش گۆرانی سەرەتای خۆشەویستی دڵداریمان بۆ ئەوتن ، من شیعرم بە جوانی تۆدا ئەهۆنیەوە ، چاوەکانم سەرنجی تۆیان ئەدا •• ئیتر نازانم بۆ ؟ لەناکاو بۆ ؟

ئەگەر خۆشەویستی بەر دەست بکەوتایە دەمیك ساڵ بو

لاپەرە - ٧

institut kurde de paris

پاشماوەی ژمارەی پیشو :

ئەنەوشیرەوان
٥٧٩ - ٥٣١

خوسرەو ئەنەوشیرەوان هەمو ئەوانەی سەرکوت کرد کە سەرپیچی یان لە یاسای وڵات ئەکردو ئەوانەی کە دەست دریژی یان کردبوە سەر ماڵو ملکی خەلکو ژنو منالیان بە تالانی گرتبو (تارادەیەك) لەناوی بردن ، وە ئەو منالە بی دایكو باوکانەی کە لە ئەنجامی ئەو بارە نالەبارەدا هەیتو کەوتبون پەروەردەی کردن . لەم کارو کردەوانەیدا تەنیا مەبەستی ئاوەدانی وڵاتو پیشکەوتنی کۆمەڵو دادپەروەری بو .

ئەنوشیرەوان لەبارەی ریخستنی لەشکرو هۆی بەرگری کردنو قایم کردنی دەربەندی قەفقازو دیواری گورگانەوە گەلێك بایەخی پێدان . لەساڵی ٥٤٠دا لەگەڵ بیزانس کەوتە شەڕەوەو سوریەی داگیرکرد ، بەپێی باڵو سەرانە پیدان وازی لێ هێنانو سوڵحی لەگەڵکردن، ئینجا روی کردە رۆژهەڵات هیاکلەی هێنایە ژێر رکێفی خۆیەوەو سنوری ئیرانی گەیاندە روباری سیحون . لە سەروی قەفقاسیشەوە هیونیەکانی راوناو وە لە خوارەوەش وڵاتی یەمەنی لەعەرەبستان هێنایەژێر دەستی خۆی .

رۆمەکان لە دەسەڵاتی زۆر ئەترسان وە زۆر هەوڵیان دا کە لەگەڵ هۆزەکانی ئاسیای ناوەراستو حەبەشەییەکانا لە دژی ئەو یەکیەتیەك دروست بکەن بەڵام سەری نەگرت .

رۆمەکان لە بین النهرین دا شکانو ئەنەوشیرەوان بەتەواوی بەسەریانا زاڵ بو .

لاپەڕەیەك لە ژیانی ساسانیەکان

٢

٦٥٠ - ٢٢٦

ئەنەوشیروان نزیکەی نیو سەدە حوکمڕەوا بو لە سەردەمی ئەوا ریخستنی لەشکرو سەرکەوتنی سیاسیو پلەی ئەدەبو هونەر زۆر بەرز بوبوەوە .

خوسرەوی پەروێز
٦٢٨ - ٥٩٠

هورمز باوکی خوسرەوی پەروێز کە ئەیویست ئازاری بارامی چوبین بدات کە لەدەست رومەکان شکا بو ، بەڵام پیاو گەورانی وڵات لەسەر تەخت لایان بردو خوسرەوی پەرویزیان بۆ پادشایی هەڵبژارد .

بارامی چوبین کە سەر بە ئەشکانیەکان بو داوای سەڵتەنەتی ئەکردو خوسرەو ناچار چو بۆ بیزانس وە بە هاوکاری موڤریس

ئەمپەراتوری رومەکان تاجو تەختەکەی وەرگرتەوەو بارامی کوشت .

لە جیاتی ئەم کۆمەك کردنە خوسرەو ئەرمەنستانی بە بیزانس بەخشی بەڵام چەند ساڵێك لە دوای ئەوە کە موڤریسی بە دەستی یەکێك لە سەردارەکانی روم کوژرا خوسرەو بە بیانوی خوێنە خۆیی یەوە پەلاماری بیزانسی داو لە ساڵی ٦١٠دا ئاسیای بچوکی تاکو بسفور داگیر کرد هەروەها دەستی بە سەر ناوچەکانی ئەنطاکیەو شامو ئورشلیمدا گرت . دوای ئەوە لە میسرەوە تاکو حەبەشەی هێنایە ژێر دەستی خۆیەوەو لە ئاسیای بچوکدا گەمارۆی قسطنطینەی دا وە هیاکلەلەناوچو .

خوسرەو پیاوێکی بە هەیبەتو سەخت گیر بو ، هەرچی ئارەزو بکردایە وای ئەکرد ، ئەمە بو بو بە هۆی ئەوەی کە گەلێك کەسی لێ رەنجا بو .. کاتێك کە هرقل بو بە ئەمپەراتوری بیزانس لە ماوەی چەند ساڵێك دا توانی کە ئاسیای بچوك وەربگرێتەوەو خۆی بگەیەنێتە تێسفون . لافاوی ئاوی روباری دیجلە بەشێك لە کۆشکەکانی شاری (مەدائن)ی روخان ، خوسرەو زامار بوو سەرکردە کانیش لێی یاخی بون ، لەبەر ئەمە نەیتوانی بگاتە هرقلو سولحی لەگەڵا بکات ئەوانەی کە حەزیان پێ نەئەکردو لەگەڵ زوربەی دەسەودایەرەکەی خۆی لێی وەرگەرانەوەو شێرویەی کوڕیان لە جیگای بە پادشای داناو خوسرەوی پەرویز گیانی بەخاك سپارد .

لەناوچونی زنجیرەی ساسانیەکان

لە کوشتنی خوسرەوی پەرویزەوە تاکو چونە سەر تەختی یەزدی گوردی سێیەم لە ساڵی ٦٣٢ زاینیدا واتا لە ماوەی پێنج ساڵدا دوازدە کەس حوکمڕەواییان کردوە . عەشیرەتەکان هەریەکە بۆ خۆی سەربەخۆ بوبو ، گەورە پیاوانی وڵات هەر دەستەیەك یەکێکیان لە شازادەکان بۆ سەڵتەنەت هەڵ ئەبژاردو دەستەیەکی تر ئەویان لەناو ئەبرد . خەڵکی لەبەر باجو سەرانەو ئەرکی لەشکر کەشیو بگرەو بەردەو تالانی کردنو ناگومانی بە گیانیان گەیشتبوو یەزدی گوردی سێیەم نەوەی خوسرەوی پەرویز لە ئەستخر ئەژیاو هەڵیان بژارد بۆ پادشایی .. وەکو ئەڵێن روستەمی(١) سەرداری ، لەشکرەکەی لە شەڕی قادسیە شکاو کوژرا وە تێسفون کەوتە دەست لەشکری عەرەب، لە ساڵی ٦٤٢دا یەزدی گورد لە نیهاوەند شکا وە رای کرد بۆ رۆژ هەڵاتی ئێرانو لە ساڵی ٦٥١ لە ناوچەی (مرو)کوژراو زنجیرەی حوکمی ساسانیەکان بچراو کۆتایی بە دەسەڵاتیان هات .

(١) روستەمی فەروخ زادە سەرکردەی لەشکری ساسانیەکان .

وریا

لەفارسیەوە کردویە بە کوردی

بەبۆنەی چلەی .. دڵخوازی .

جوانەمەرگەوە

پورزا شیرینەکەم ...

لە کاتێکا ئەم چەند وشەیە ئەکەم بە چەپکێ گوڵو پێشکەشتی ئەکەم ... قوڵپی گریان لەناخمەوە هەرەس دێنیو فرمێسك بە چاومەوە خۆی ناگرێو لەگەڵ هەر دڵۆپێکیا وێنەکەتی تیا دەردەکەوێ .

ئەوەی من ئەخاتە ژیانێکی پڕ ئەشکەنجەو ناسۆریو خەمەوە ئەو وتە پڕشنگدارەتن کە لە کاتی سەرەمەرگا لە سەر پێخەفی نەخۆشخانە بە یادگار بەجێت هێشتن .

خوشکە نازدارەکەم :

زانکۆی سلێمانی کۆشی بۆ گرتبویتەوە ... قوتابی یەکان لەسەر دەرگاکە چاوەڕێیان ئەکردی ... بەڵام گیانە وا پێم ووتن :

زانکۆی سلێمانی کۆشی بۆ مەگرەوە ...

ئێوەش قوتابی یان چاوەڕێی مەکەن ...

چونکە ... دڵخواز جوانە مەرگ بوو ... ، خوێندنەکەی



بەرەو شاری نەمان برد ... دەستی مەرگ هیواو ئاواتەکانی بەرەو گردی سەیوان برد .

حەمە ئازاد - سلێمانی

پاشماوەی : ماموستا خلیل مخلص

(حزین)ە کە تەخمیسم کردوە :

چم لە خۆم کرد چم نەکرد بۆ ئاخیرەت نەفعێ بدات
چاك وەیە سەر هەڵگرم بۆ خۆم بکەم تەرکی وولات
بچمە روضە هەر بگرییم بانگ بکەم لحظەو سەعات
یا رسولی مدەنی جانیمە خۆم خستە پەنات
شەرمەزارو سەرفرۆو بێ کەسم روحم فیدات

● **پرسیاری سێیەم : ئێمە بە پێی توانا بەردەوام ئەبین لەسەر بڵاو کردنەوەی شیعرەکانت بۆ ئەوەی دەنگت گشت کوردستان بگرێتەوە ؟.. تۆ ئەڵێی چی ...**

بەخوا .. هومێدەوارم دەنگم نەك کوردستانی عێراق بەڵکو تەواوی کوردستانی ئەودیویش بگرێتەوە .. بەڵام بەشەرتێك لەکاتی بڵاو کردنەوەی شیعرەکانم بە هیچ کلۆجێك دەستکاری لێوە نەکرێت چ لە بارەی شێوەو ناوەرۆك یا گۆرینی ووشەی عەرەبی بۆ کوردی . چونکو دەستکاری کردنی شیعر ئەبێتە هۆی رامالینی تامو پێزی .

● **پرسیاری چوارەم : رات چیە بەرامبەر بە نوێ کردنەوە لە شیعر ؟ یا چۆن لە شیعری نوێ دەگەیت ؟...**

ئەوەی راستی بێت من ئێستا لە مەنبەعی رۆژنامەو گۆڤارا زۆر دوورم بەڵکو دەتوانم بڵێم هەر بەتەواوەتی ئاگام لێ براون .. چونکو ئەگەر موحتاجی نەبێت لەپاش دوو سێ مانگان جارێك نایەم بۆشار . بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەندێکم لەو جۆرە شیعرانەدا خوێندۆتەوە .. بەرای من لەبارەی ماناو شێوەو ناوەرۆكو بەکارهێنانی تەشبیهو (التشبیه) ئیستیعارەو رەمزەوە نەختێك موەفەقن بەڵام لەبارەی وەزنو قافیەوە هەر لە حەیران یا وورێنەی نەخۆش دەکات !!!...

- دوا ئاواتت لە ژیاندا چیە ؟

بەختەوەری گەلی کوردو گەیاندنی شیعرەکانم بەچاپ(١) تاکە ئاواتی ژیانمە .

- ئیتر زۆر سوپاس مامۆستا هیوا دارین ئاواتەکانت زیندە بەچاڵ نەبن ..

(١) ئەوەی شایانی باسە نیاز وایە شیعرەکانی مامۆستا (مخلص) لەلایەن کۆری زانیاری یەوە لە چاپ بدرێن ..

ح - س

پاشماوەی : کاتێ لیم ..

تاشێنرا بوو ، ئەگەر جوانی نزیك ئەبینەوە .. بە هیوام رەنگ بگرایە دەمێك بو نەم رۆژانی دوریم لەیاد بچێتەوە . ئەناسیەوە ..

ئەو عورفو عادەتەی دیوار لە نێوان خۆشەویستیمان دروست ئەکات رۆژ بەرۆژ بەرەو مردن ئەچێو ئێمەش زیاتر لێك

کولێت - کچە نوسەری فەرەنسایی نوسیویتیو بەهائەدین جەلال لە عەرەبیەوە کردویە بە کوردی

پاشماوەی : منداڵیکی شەهید

بووە وە . دیمەنێکی هێجگار دڵبڕی بەجێ هێشتبو ، ئاوی ترێی رەشو رەشی باروتو خوێنو ئارەقو سپی کراسەکەی تابلۆیەکی تازەیان نەخشاندبو

هاواری ئەکرد منالێکی شەهیدکراوم ، باوکم ، دایکم ، خوشکەکەم . رۆڵەی نیشتمانەکەم لە پێناوی نیشتماندا شەهید کراون .. جەنگاوەرێك بووم بە منالی خێزانەکەم بەخێو ئەکرد ، باوکم یادگارێکی بۆ بەجێ هیشتبوم ، کە تۆڵەی هەزارەهای وەك باوکم بسێنم ، وولاتەکەم وێران کراوە ، رۆڵەی نیشتمانەکەم دەربەدەر کراوە ، باخچەکان ، خانوەکان ، منارەکان ، کەنیسەکان سوتێنراون . منالانمان بەقەرە بروت کراوە ، لاوەکان لە سەنگەران چاوەروانی تڵەن .

وێنەی بەردومان کردنی درندانەی دوژمنی نیشان ئەدا رەشی روی دوژمنی لەسەر کراسەکەی بەجێ هێشتبو ، ئارەقو چلكو تەپو تۆزی بازو وەشاندنی نیشان ئەدا .

هێمنیو دڵ پاکیو رو خۆشی منالێکی شەهید کراوی تیابەدی ئەکرا .

خوێنەتەرەکە هاواری ئەکرد، ئەیزریکاند تۆڵە .....

تۆڵە لەم خوێن رێژانە ، لەم وولات داگیر کەرانە .

تۆڵە لەتانك وفرۆکەی دوژمن فرۆکەیەکی کە لە ئاسمانی وولاتمدا خۆی دەرخست ئەستێرەی شەش پەڕەکەیی لەسەر نەخشینرابو .

تۆڵە لە وولات فرۆشان ، لە سەرمایەدارانو دەولەمەند بووانی شەر .

کراسەکەی کرابە تابلۆیەکی سروشتیو لە پیشانگای وولاتە یەك گرتووەکان (هیئە الامم المتحدە) لەژێر بریاری ژمارە (٢٤٢) دا بەناوی تابلۆی منالێکی شەهید نیشاندرا .

زاخاو بەرەوە

لابەلا

١ - شاعیرێکی گەورەی کوردە

٢ - رستەی لێ پێك دێت (ووشە) ووشەیە کە هەموو منال رۆژی دەیەها جار بەکاری ئەهێنێ (بڵاوبۆتەوە) .

٣ - بەرهەمێکی ئاژەڵە (بەپێچە وانەوەیە) پەیرەو یاخود ئادەمیزاد بە گوێرەی ئەو بەڕێوە ئەچێ .



٥ - وەڵامی پرسیارێ کە لەسەڵامەتی کۆمەڵێ یا ماڵەوەت لێ پاریزگایە دا لێ بدرێ .

٦ - ئاژەڵێکی کێویە وە لە هەمان کاتدا پەروەردە ئەکرێ لە ماڵا - وەئادەمیزاد سودێکی باشی لێ وەر ئەگرێ ، (بڵاوبۆتەوە) .

٧ - لە کاتێ کە ئەتەوێ کەسێ بێ دەنگ بکەی یاخود کڕی بکەی (بەپیچە وانەوە) .

٨ - بەئادەمیزادێکی زاناو تێ گەیشتو ئەوترێ .

سەرەو خوار

١ - ئاژەڵێکی دڕندەیەوە زیان بە سەرو ماڵات ئەدا . دیسان ئاژەڵێکە گۆشتی ئەخورێ رۆژی بە سەدە ها لێ سەر ئەبڕێ .

٢ - وریاو ئاگادار (بەپیچەوانەشەوە) بێ دەنگ .

٣ - یەکێ لە رەنگەکانە - ئەگەر بە پیچەوانەوە بخوێندرێتەوە مانای شتێکی زیان بەخش ئەدات .

٤ - لە کۆنەوە زۆر بە کاریان ئەهێنا - بۆ وەستانی خوێن لە دەم وچاوا دوای تاشینی ریش .

٥ - بە ڕێوەبەری خێزانە .

٦ - تامێکی خۆشە وە هەندێ ئافرەتی کورد پێی ناو ئەنرێ

٧ - بەر هەڵستی کردن .. دیسان شتێکە ئافرەتیش بە کاری ئەهێنێ بۆ جوانی .

٨ - وشەیەکە بۆ پیس ترینو کافرترین کەس بە کار ئەهێنرێ وە لە قورئانا باس کراوە .

٩ - هۆیەکی بە یەك گەیشتنی بێ هەستە دیسان بە شتێکی هەڵگیراو ئەوترێ .

وریا خضر احمد
ئامادەی کردوە

پاشماوەی : میژوی ماد

(ماد) ناو ئەبرا ، ئێمە دیسان - هەروەکو لە نووسراوەکانی ئیستادا دەر ئەکەوێ - بەکارهێنانی ئەم رووەیان پاراستوە . بەڵام ئەوەمان لەیاد نەچێ کە لە سەردەمی لێکۆڵینەوەی ئێمەدا هەمو (مادەکان) وە لە سەرەتاوە بەم زمانە قسەیان نەکردوە . لەبەر ئەوە ئەو زمانانەی تر کە ئیرانی نینو لەسەر خاکی ماددا بوون ئەتوانین ئەوانە بە (کاسپئی) دابنێین .

لە قۆناغەکانی میژوودا رۆژگارێك هاتبوە کایەوە کە بەبی ماوە لە دوای رۆژگاری یەکیەتی هۆزەکانی ماد - تەنیا لە دوای ماوەیەکی پەنجا تا حەفتا ساڵی دەوڵەتی ماد دروست بوو - ئەم دەوڵەتە بریتی بوو لە کۆمەڵێك دەزگای سەربازیو دارایی . کە پەیوەندی بەشە ئابوریەکانی دەوڵەت زۆر لاواز بوو ، وە رشتەی پەیوەندی لە نیوان هوزو ناوچەکانی ناو دەوڵەتدا زۆر سست بوو ، وە هۆزە بە هێزەکان شێوەی زمانە کۆنەکانی خۆیان ئەپاراست ، لەبەر ئەوە پێك هاتنی قەوارەی زمانێکی یەکگرتووی ماد کارێکی گران بووە ، وە چەند جۆرێك شێوەی زمانو قسە کردن لەناوا هەبووە ، بەڵام لە سەدەی سێیەم پێش زاییندا کە خاکی ماد کرا بە دوو بەشەوە مادی خوارو مادی ئاتروپاتین دروست بوو ، مادی ئاتروپاتین سەربەخۆیی وەرگرت چەند پیویستی یەك بۆ سەرەتای پەیدا بوونی هۆزی ماد - ئاتروپاتین - هاتە پیشەوەو دروست بوو .

ئەگەر ئەو نووسینانەی ئاوستا لە بارەی مادەوە راست بێت ، ئەبیت زمانی ئاوستا بەزمانی ماد دابنێین . زمانی ئاوستا زۆر بە باشی بەراورد کراوە کەرەسەیەکی زمانی زۆری تیایە ، هەروەکو زانراوە زمانێکی هیندیو ئەوروپاییو ئیرانیە، بەڵام چەند بەڵگەیەك بە دەستەوەیە کە ئاوستا ئەگەرچی ئەبوا لەگەڵ زمانی ئیرانئی کە ئەو سەرچاوانەی هەیەتی بە مادی ناو ئەبرێن نزیك ، لەگەڵ ئەوەشدا بەرامبەرن .

- ماوێتی -

پاشماوەی / پۆستەی خوێنەران

× برایان - خاوەنەکانی (ئەستێرە خنکاوەکە) :

گلەیی لە ئێمە مەکەن کە گلەییەکەتان بڵاو ناکرێتەوە ، چیرۆکەکەتان بۆ کام گۆڤار یان رۆژنامە ناردوە گلەیی لەو بکەن .. بۆچی ئێمەش بە دەست مەینەتی دراوسێکانمانەوە گیر بخوێن ..!

× کاك ئەنجام مەولود رەنجەڕۆ :

قوربان ئەگەر باسەکە وابوایە وەکو بەرێزتان نوسیویتی دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی نوێ لە جێگای ئەو واقیعە تاڵەدا پەیدا ئەبو ، بەڵام کورد واتەنی (دیزە بە دەرخۆنەی) لێ کراوە .. بەڵام هەرکەس لە ژیانا کەوت مانای ئەوە نیە ئیتر ناتوانێ هەستێتەوە .. هونەر بۆ ئەو کەسانەیە کە ژیانێك لە پێناوی ژیانێکی ترا بەخت ئەکەن .

پاشماوەی : روژێکی رەش ...

گەلانی ئیران باش تیگەیشتوون کە رێژیمی کودیتا دوژمنی ژمارە یەکی ئەوگەلانەیە و بەهەموو هێزیەوە هەوڵ دە دابۆتیك شکاندنو لەبەریەك بڵاوکردنی ریزی هێزە شورشگێرەکانی ئیران . دکتور فاطمی ، سیامەك ، روزبە ، زیهتاب ، بیهرەنگی ، شەریفزادە ، ئاوارەو موعینیەکانو هەزاران رۆڵەی بەشەرەفی گەلانی ئیران لەکانی دەستەلاتی ئەم رێژیمە کۆنەبەرستە دا شەهید کراون وئیستاش کاروانی شەهیدان نەپساوەتەوە ودەستی رێژیم تائانیشکی بەخۆینی ئازادیخوازانی گەلانی ئیران بەتایبەتی شورشگیرانی گەلی کورد لەکوردستانی ئیراندا سورە وگەلەکەمانی لەهەموو مافیکی ئینسانیو بەتەوایەتی بێ بەش کردوە .

لەحالیکیوادا پیویستە هەموو حیزبو ریکخراوە سیاسیو شورشگێرەکانی ئیران بۆیتەو کردنی ریزەکانی خۆیان لەبەرەیەکی نیشتمانی یەکگرتوودا یەك بگرن ودژی ئەورێژیمە زیاتر لەهەموو وەختێك خەباتی خۆیان توندترو بەربڵاو تربکەن .

سوارە

پاشماوەی : سەرنجێك لەئەدەبی ...

تەقلیدیەکان ئەی کەن بەڵکوهۆی کوشتنی « کابریلا » جوانی مردن بوو . کوشتنی ئەم ئافرەتە بەلای « شیبلز »ەوە ئەوپەری ئامانج نەبوو ، چونکە ئەمژنەی بۆ دەرخستنو هەست کردن بوو بە « بونی » خۆی ، لەبەرئەوە ئەبینین کە مردنی ئەمژنە فرمێسکێکی پێ نەرشتوپەستی نەکرد بۆ - ؟ لەبەر ئەوەی وەك مردنێکی مردنیکی ئاساییو سروشتی ئەهاتە بەرچاوێ وەك ئەوکەسانەی تر کە ئەمرن .. « تۆماس مان » لەم چیرۆکەدا ئەوەمان تێ ئەگەیەنی . « کە چۆن جوانی ئادەمیزادو جوانی مردن » لای هونەرمەندێك دوو هێڵن شان بەشانی یەك ئەرۆن و هەندی جار ئەم دوو هێڵە لەیەك ئەدەنو هێڵێك دروست ئەکەن .. بەمانا هەردووکیان لە نوختەیەکدا ئەگەنە ئەو ئامانجەی هەرگیز جیایان نەکاتەوە لەیەکتری .. ئەم تێگەینی « زانستی جوانی »ە کوتو مت جووتە لەدوو رووکەشا کە هەرگیز لەگەڵ یەك هەڵناکەنو .. تێ گەینێکی زیان بەخشە بەرامبەر بەمرۆڤ .

پاشماوەی : ریژیمی سعودی خزمەتی ..

ئەمەریکاو دامو دەزگاکانیەوە نانێ . کاتێ ئەمەریکا پێویستی بە نەوتی زیادە هەبوو رێژیم رێگای کۆمپانیای ئەرامکۆی ئەمەریکایی دا کە تاوەکو ساڵی ١٩٧٥ بەرهەمی نەوتی رۆژانەی بگەیەنێتە ٢ر١١ملیون بەرمیل . ئەوەی شایانی باسە لە سەرەتای ساڵی ١٩٧٢ دا بەرهەمی رۆژانەی هەمان کۆمپانیای ئەمەریکایی نزیکەی (٥ر٧) ملیون بەرمیلو ساڵی ١٩٧٤ نزیکەی (٥ر٨) ملیون بەرمیل بوو .

ئەمەش بەڵگەیەکی ئاشکرایە ئەوە دەرئەخات کە تاچرادەیەك رێژیمی دیکتاتوری سعودی نوکەرو ئاڵقە لە گوێیەکی دلسۆزی ئیمپریالیزمی ئەمەریکایە .

ئەو داهاتو پارە زۆرەو لەئەندازە بەدەرەی رێژیمی سعودیو وڵاتانی عەرەب لەنەوت دەستیان دەکەوێت تارادەیەك هەڕەشە لە باری ئابوری وڵاتە سەرمایەدارە گەورەکان ئەکات . جابۆیە وڵاتە ئیمپریالیستەکان بەم جورە سەیری مەسەلەکە ئەکەن :

ئەوپارەو داهاتە لەو ئەندازەیە پترە کە دەوڵەتانی خاوەن نەوتی عەرەب بتوانن خەرجی بکەن کەوا بوو بەهەر رێگایەك بێت ئەبێ هەوڵ بدرێت کە ئەوپارەیە بگەڕێتەوە دەست وڵاتانی رۆژ ئاوا .. ئەمەیە هەڵوێستی رۆژئاوا بەرامبەر وڵاتانی عەرەب بەتایبەتی ئەوانەی نەوتیان هەیە !!

ئەو دەورەی سعودی لەناوچەکەدا ئەیگێڕێو ئەودەورەش کە ئیمپریالیزم پێی سپاردوە ، واپیویست ئەکات کە چەكو تفاقێکی باشی هەبێ ، چونکە ناوچەکە ستراتیجییەو سعودیش کەوتۆتە نزیکەی چەند مەڵبەندێکی شۆرشەوە ... هەرچەندەش بەتەواوەتی ئاشکرا نەبووە کە رێژیم چەندە پارەی بۆ مەسەلەی لەشکرو بەرگری تەرخان کردوە . بەڵام ئاگاداران لەو باوەڕەدان کە ئەو پارەیە زۆرەو کەم نیە .

لە ساڵی ١٩٦٦ شەبەکەیەکی پێشکەوتوو تازەی هێزی ئاسمانی لە سعودییە دامەزرێنراو باشترین صاروخو گەلو پەلی ئەلکترونی بەریتانیاو ئەمەریکایی تیا دایە . وە لە ژێر چاودیری ئەفسەرو کارزانو پسپۆڕانی بەریتانیاو ئەمەریکادا دامەزرێنراوەو کاری پێ ئەکرێ .

جگە لەمەش ئەفسەری ئەمەریکاییو کاسەلێسو بەکرێ گیراوانی رۆژئاوا بەتایبەتی ئەوانەی لە ترسی شورشی کوبا ڕایان کردوە ، سعودی بەکرێی گرتوونو پارەیەکی باشیان ئەداتێ بۆ ئەوەی مەشق بەسەر بازو ئەفسەرانی رێژیمی سعودی بکەن .

پاشماوەی : بالدارە بچکولەکە

سەری بەسنگیەوە نووساوەو بەگرانیو خیرایی هەناسەئەدا ، کە سیریوجا چوە سەرجێگای نووستنەکەی بالدارەکە مابوو ، خەوی لێ زرا ، هەر چەند چاوی لێك ئەنا دیمەنی کزو هەناسە سواری بالدارەکەی ئەدی ، کە بەیانی لە قەفەزەکە نزیك بوەوە دی بالدارەکە لە سەرپشت کەوتوەو هەردو قاچی بەیەکەوە نووساوەو وشك هەلاتوە لەو کاتەوە سیریوجا هەرگیز راوی باڵندەی نەکردەوە .

پاشماوەی : بەرامبەر بەمرۆڤ

پاشماوەی : بالدارە بچکولەکە

سەری بەسنگیەوە نووساوەو بەگرانیو خیرایی هەناسەئەدا ، کە سیریوجا چوە سەرجێگای نووستنەکەی بالدارەکە مابوو ، خەوی لێ زرا ، هەر چەند چاوی لێك ئەنا دیمەنی کزو هەناسە سواری بالدارەکەی ئەدی ، کە

institut kurde de paris

رۆژێکی تایبەتی لەژیانی دارفرۆشێکدا

ئێرفین کێرن دارفرۆشێکی ئەڵەمانی‌یە لە تەمەنی ٤٠ ساڵ دا بوو .

ریکەوتێکی سەیر لە ژیانی ئەو پێاوە چەوساوەیەدا دووبارە ئەبێتەوە ، رێکەوتەکە ئەوەیە هەموو ساڵێك لە رۆژی ٢٣ی مانگی کانونی یەکەمدا ، تووشی شتێك ئەبێت کە پێوەی تووشی گیروگرفت ببێت ..

لەو شتانە هەندێکیان بە نموونە ئەهێنینەوە :

لە رۆژی ٢٣ی مانگی کانوونی یەکەمی ساڵی ١٩٦١دا لەوکاتەدا لەقەد پاڵێکدا دارێکی ئەبرێوە ، دارەکە ئەشکێتەوەو تلور ئەبێتەوە بەسەر ئۆتۆمبیلێکدا کە بەژێر ئەو قەدپاڵەدا تێپەر ئەبێت شوفیری ئۆتۆمبیلە کە ئەکوژێت بە هۆی ئەوەوە نزیکەی ساڵێکی بەندئەکەن ،لە رۆژی ٢٣ی مانگی تشرینی یەکەمی ساڵی ١٩٦٢دا ، وەختی لە بەندیخانە دەر ئەچێت ، حاکم دڵخوشی ئەداتەوەو پێی ئەڵێ .. کورم ئەوەندە بیر لەو رۆژە رەشە مەکەرەوە ، ئەوە بزانە لە ریکەوت بەولاوە هیچی تر نی‌یە ، ساڵ تێوەر ئەسورێت لە رۆژی ٢٣ی مانگی تشرینی یەکەمی ساڵی ١٩٦٣دا ئەبێت بەژێر ئوتومبیلێکی گەورەوەو ئەمرێت ..

ئافرەتانی ئەمەریکاو نەخۆشی‌یەکی نوێ

جوان کەنەدی ، ژنی سیناتۆر ئەدوارد کەنەدی پێش ماوەیەك لەمەوبەر لەبەر بوورانەوەی کتوپڕ براوەتە یەکێك لە خەستەخانەکان بۆ هانینەوە سەرخۆ ، جوان ئەڵێت .. ئەم حاڵەتەم لەناو کورەکەم تووش بووە کە بەهۆی شێرپەنجەوە قاچیان بڕیوەتەوە ! » کەچی لەئەنجامی فەحسدا دەرکەوتووە کە نەك لەبەر کوڕەکەی وای لێهاتووە بەڵکو لەبەر زۆر خواردنەوەی مەیو گێژەمەنی‌یە، کە بەهۆی دووری مێردەکەیەوە خەیاڵی داوەتە ئەوجۆرە شتانە . نەك هەر ئەوە بەڵکو ئەو جۆرە خووە لەناو زوربەی ژنە سیاسیەکانی ئەمەریکادا بڵاو بۆتەوە ، چونکە مێردەکانیان زوربەی وختیان خەریکی ئیش‌و کاری سیاسەتن ، ژنەکانیشیان کاتی بەتاڵی‌و تەنیاییان بەو جۆرە بەسەر ئەبەن .. جا ئەمەیە روی راستەقینەی ئەمەریکا !!

کوێرێکی نیشان شکێن

بێل گریفش لەشەڕی جیهانیی‌دا هەردوو چاوی کوێر کرابوو ، لەگەڵ ئەمەشدا لەتوانایدا هەیە نیشان بپێکی‌و لە ٧٠٪ی نیشانەکانی ئەشکێنێ ئەو پیاوە بەهۆی گوێیەوە نیشانەکە رێك‌ئەخات‌و جیهازێکی ئەلەکترۆنی لەوەدا یارمەتی ئەدات .. سەیر ئەوەیە هەموو ساڵی لە سوید پیشکەوتنی نیشانەشکان لەنیوان کوێرو کۆچەکاندا پێك دەهێنرێت .

بۆپەرستگای ئۆڵۆمپ..



میلیتار لەگەڵ بەرپاکردن‌و سەرگرتنی کودەتا یەکەی ساڵی ١٩٦٧ ، لە یۆنان .. ئیتر ئەو وڵاتە دەستی چەوسانەوەو جەزرەبەو تۆقان‌و دەربەدەر کردنی بەسەردا گیرا .. بەدەیان نیشتمان پەروەرو رۆشنبیری پیشکەوتن خوازی لێ دەربەدەرکراو بەندیخانەکانی بەسەدانیان سیخناخ کرا ، یەکێك لەو پێشکەوتن خوازو رۆشنبیرانەی پریشکی ئاگری ئەو زروفە ناڵەبارو چەوتەی یۆنانی بەرکەوت مۆسیقاری بەناوبانگ‌و خاوەنی مۆسیقای« زۆربای یۆنانی » میکیس تیودۆر بوو کە لە سەرەتای کودەتاکەوە خرایە بەندیخانەوە .. لە بەندیخانەدا تەندروستی تێکچوو تا ئەورادەیەی ژیانی کەوتە مەترسی‌یەوە .. بۆرزگارکردنی ژیانی ئەو هونەرمەندە پێشکەوتن‌خوازانی دنیا لە هەموو لایەکەوە کەوتنە ناڕەزایی‌دەربرین .. حوکم رانانی یونان لەبەر شەپولی ناڕەزایداخۆیان پێ‌نەگیراو ناچاربوون لە بەندیخانەی دەربهێنن‌و بۆدەرەوەی یۆنانی ڕەوانەبکەن .

میکیس لە دووری وڵات ،ئازارو پەژارەی گەلێك زیاتر بوو لەو کاتانەی لە بەندیخانەکانی یوناندابوو دووری نیشتمان‌و دەربەدەری‌و غەریبی‌ی لە ئەندازەبەدەر ئازاری ئەدایەو ، وەك چولەکەیەکی پەڕوازە باڵەفرێ‌و چاوەچاوی گەڕانەوەی هێلانەکەی خۆی ئەکرد .. بۆ هەر جێگایەك بروشتبایەو لە هەر جێگایەك ببوایە دڵی هەر لای ئەو دەشت‌و دەرو ئاسمانە شینەی نیشتمانەکەی بوو ، کە هەموو ئاوازە شیرین‌و ناسکەکانی لێوە هەلینجا بوو بە لابردنی دەستە (میلتاری) یەکەی یۆنان « میکیس »یش لەگەڵ زۆر لە نیشتمان پەروەرە دەربەدەرەکانی یۆنان‌دا بۆنیشتمانەکەی خۆی گەرایەوە .

هاووڵاتی‌یە یۆنانێکان پێشوازیەکی گەورەی ئەو هونەرمەندە دەربەدەریان کردو لە خۆشیدا بەسەر شانیان بەشەقامەکانی « ئەسینادا » ئەیان‌گێرا ..

« زۆربا » ئاوارەکەی یۆنان دووبارە بۆ نیشتمان گەرایەوە تاوەکو سەرلەنوێ لە پەرستگای ئۆلۆمپدا بکەوێتەوە سەماو گۆرانی وتن‌و پەرێکانی پەرستگاکانی ئغریق ئاوازەکانی لەگەڵدا دووبارە بکەنەوە ..

« رۆژ » کردویە بە کوردی



ئاوڕێك لەرابوردوو

رۆژنامەی (بانگ کردستان)وەك خۆی .
سال ١ ژمارە ٣ (دوشمە)٢٧ ذی الحجە ١٣٤٠ ٢١ اغستوس ١٩٢٢ .

مصر اعانەء فلاکت زدەکان اناطولی دکا .

همو علمای مصر فتوایان‌داوەکە جژن قربان او قربانیانە کە سر دەبرن پیستەکانی‌بفروشن بدلیان بنیرن بو فلاکت زدەکانی اناطولی .

بە کورەی غزەتەکانی مصربەلای کمەوە قیمتی ام پیستانە (٣٠) هزار لیرا دەکا .

وفات

امیر تونس محمد النصر کەپیاویکی زور بدین‌و بەغیرت بووە لەم روژانەدا وفاتی کردوەرحمت خدای لی‌بی .

لە جیکای او اموزای خوی‌صاحب الجلالە محمد الحبیب دانیشتوە خدا لی مبارك بکا .

امیدمان هیە امیش وك امیرمرحوم لە اوعری وطن‌و ملت خوی سعی بکاو اسیر اجانب‌نبی .

تبشیر بو قلیانداران

ایمسال لە لوای سلیمانیداتوتون دلین زور بە برکتە وك توتون زور بە برکتە همو نوعەمیوەیکیش ماشاالله زور هرزانە .

روژنامەی (بیشکوتن) (سالی١ ژمارە ١٧) روژی پینجشمە ٣ ذی‌الحجە ١٣٣٨ ١٩اوکوست ٩٢٠ .

بوزانین همو

وکو لە تعلیماتنامەدانوسراوە مکتب نمونەء سعادت دەستی کرد بە نوسین‌وکلدانەوە قتابیان همو روژی پیش نیوەرو لە سعات یکەوەهتا پینج‌و پاش نیوەرو لە هشتەوە هتا سعات دە هیئت‌مکتب لە مکتبا دادەنیشن‌و قوتابی قیدو رادەکرن . بوامەی مندالتان هیچ نزان دەرنەچیت‌و بە خورایی فیری خویندن‌و نوسین عربی . فارسی . انکلیزی . کوردی‌وکلی شتی زور چاك ببن . مندالتان سعاتی زوتر بنیرن‌و قیدیان بکن‌و لەم بشە باشە بی بشیان مەکن .

معاون حاکم سیاسی

سیروان بەترسە قلیك‌پیس نابی . میلورەیش لە سیروان ناپریتەوە .

بکرایە بە کولارە چاکتر بوخو اکر نەیشفریایە أ ...ی .

کاربون‌لە خوێنیاندایە

لە لێکولینەوەیەکی (٣٠) مانگیدا کە ٢٩ هەزار کەسی لەوانە گرتۆتەوە کە خوێنی خۆیانیان تەبەروع کردووە .بۆ دەستەیەك لەو دکتۆرە ئەمەریکایانەی لە کۆلیجی پزیشکی‌ی ولایەتی «ویسکونسین» دا ئیش ئەکەن ، ئەوە روون بۆتەوە ، کە خوێنی نیوەی خەڵکی ئەمەریکا ئۆکسیدی کاربۆنی تێکەڵاو بووە، ئەوەشیان بۆ دەرکەوتووە کە جگەرە کێشەکان لەچاو جگەرە نەکێشەکاندا ئۆکسیدی کاربۆنیان زیاتر لە خوێندایە دەربارەی ئەم مەسەلەیە رۆژنامەی یەکێتی پزیشکە ئەمەریکایەکان لەدوا ژمارەیدا نووسیوێتی‌و ئەڵێت .. ئوکسیدی کاربۆن بەهۆی پیس‌بوونی هەواوە لە خوێندا پەیدا ئەبێت .

خەولێخستنی موقناتیسی‌و تاوان ئاشکرا کردن

دەستەیەك لەو دکتۆرە بەریتانیایانەی خەریکن خەولێخستنی موقناتیسین ، بڵاویان کردۆتەوە کە گوایە کەسێك ئەگەر لەبەردەم دادگادابە درۆ شایەتی بدات ، ئەگەر خەوی موقناتییشی لێبخرێت هەر درۆئەکات .

ئەم قسەیەشیان لەبەر ئەوە کردووە چوونکە هەندی لە شارەزایانی مەیدانی قەلاچۆ کردنی تاوان لەبەریتانیا داوای ئەوەیان کردبوو کە تاوانبار خەو لێبخرێت تاکو راستی ئەو شتانە بدرکێنێ کە کردوونی .

پەیکەرێکی تەجریدی

ئەم پەیکەرە تەجریدی‌یە بۆجۆانی لەبەر کۆشکی کۆڕی پشکنینی بایەلۆجی لە کۆماری هەنگاریای میللی‌دا ، دانراوە. پەیکەرەکە لە دەست‌کردی‌هونەرمەندی پەیکەرتاشی بەناوبانگی بولگاریایی « بالێنت‌جۆسا »یە .

ئەو هونەرمەندە ئەم‌پەیکەرەی لە بۆری نیکل‌دار دروست کردووە .. بەهۆی‌ئەو شەوقانەی بەری ئەکەوێت دیمەنێکی جۆان‌و دڵفڕێنی‌دەنوێنێت لە دانەوەی ئەوشەوقانەدا .



خۆی ئەی‌گێڕێتەوە

فلادیمیر زۆرکین ئەوپێاوەیە تەلەفزیونی داهێنا .. ماوەیەك لەمەوبەر لێیان‌پرسیبوو ، بەلای ئەوەوە گرنگ‌ترین جێگای تەلەفزیون‌کامەیە ؟ لە وەرامدا وتوویەتی . ئەو دوگمانەی تەلەفزیونەکەی‌پێ دەکوژێنرێتەوە ..!!

زۆرکین ئیستا تەمەنی ٨٥ساڵە ، دەربارەی دەوری تەلەفزیون لەکۆمەڵدا وتوویەتی .. من تەلەفزیونم بە نیازی بڵاوکردنەوەی رۆشن بیری دروست کرد ،کەچی‌تەلەفزیونی ئەمرۆ لە تەپە تەپ‌و تەقە تەق بەولاوە هیچی تری تێادا نی‌یە ..

فلادیمیر زۆرکین لە بنەرەتا خەڵکی یەکێتی سۆڤیاتەو کوچی کردووە بۆ ئەمەریکا . لە ئەمەریکا لەکۆمپانیای (ئار - س - ئەی) ئەندازیاری کردووە .

ئەڵێت .. لە ساڵی ١٩٢٣ دا کە داهێنراوەکەی خۆمم نیشانی بەرێوەبەری کۆمپانیاکەدا ، دوای وردبوونەوەو تەماشایەکی زۆر پێی وتم .. کوڕم من چاکەی تۆم ئەوێت ، بۆیە ئەو ئامۆژگاریەت ئەکەم ، خۆت بەشتێکی بەکەڵك ترەوە خەریك بکەیت باشترە ..!

چین‌وشارستانی



«چین» لانکەی شارستانیەت‌و سەرفرازی مرۆڤ‌بووە لەرەوت‌و بەرێکەوتنی ، شەقامی مرۆڤایەتی‌و مەڵبەندی بەگژا چوونی سروشت‌و ساغ کردنەوەی تواناو بلیمەتی‌و کۆڵنەدەری مرۆڤدا ، وەنەبێت ئەو وڵاتەمەزنە هەر خاوەنی‌شورەی چینی مەزن‌بێت .

بەڵکو هەتا ئیستاش رۆژ لە دوای رۆژ سیمای دەسەڵات‌و پێشکەوتن‌و زیرەکی جارانی زیاتر تێادا دەرئەکەوێت‌و هەر رۆژە بەڵگەونیشانەیەکی نوێ ئەکرێت بەئاوێنەی ئەو رۆژگارە ئاوابوانە ، ئەم وێنەیەش ، یەکێکە لەو جیهازانەی لەو سەردەمە کۆنەدا بۆ ئەستێرە گەری‌و ئاسمان شوناسی لەچینی ئیمرۆکەش روکەش جێگای سەرسور هێنان‌و مایەی سەربادانە .

ژمارەی سپاردن بەکتیبخانەی نیشتمانی
١٥٦ی ساڵی ١٩٧٤

مرۆڤ و راوی نەهەنگ

نەهەنگ ئەو ئاژەڵەشیردارە بەوزەو زەبەلاحەی ، وەك پاڵەوانێکی ئەفسانەیی‌بێ‌باك بە دەریاکاندا دێت‌و دەچێت‌و ژیان بەسەر دەبات .. بەدرێژایی دروست بوونی ئەو گیان‌لەبەرە کە نزیکەی ٤٠ملیون ساڵ ئەبێت ، لە پێناو ژیان‌و مانەوەیدا لەگەڵ مرۆڤدالە کێشەیەکی خوێناویدایە کەچی ئەوەتا ئەنجام ، ناچارئاڵای خۆ بەدەستەوە دانی هەڵکردو ئیتر لەوە زیاتر لەتۆانایدا نەما بەربەرەکانی زیرەکی‌و فڕوفێڵ‌و زۆرزانی‌وتەکنەلوجیای مرۆ بکات .

لە دوای ئەو هەموو‌خۆپاراستن‌و کێشەیەی کردی کەچی وابەدەست بە کۆمەڵ راوکردنەوە مەترسی لەناو چوون‌و بڕانەوەی لێ ئەکرێت.

ئەو بەشە نەهەنگەی‌ماوەتەوەو هێشتا لە گەڵ مرۆڤدا لە کێشەی ژیان مردن دایە ،کۆمەڵێك پەیدابووە بۆ پاراستنی ژیانی ئەو گیان لەبەرانەو ، پشتگیریان لێ‌ئەکەن‌و هەوڵ ئەدەن لەبڕانەوەو قەلاچۆکردن بیان پارێزن .. بەو بۆنەیەوەگەلێك‌نامەیان بۆ ئەو وڵات‌و دەزگاو کۆمپانیایانە ناردووە ، کە بۆمەبەستی بازرگانی راوی نەهەنگ ئەکەن ، تا دەست‌لەو جۆرە راوکردنە هەڵگرن.. بەڵام هیچ کام لەو دەزگایانەگوێیان نەداوتە ئەو نامانە ..

لیژنەی نەهەنگی وڵاتان ماوەیەك لەمەوبەر لە شاری لەندەن کۆبوونەتەوە ، بۆ ئەوەی بڕیار لەسەر شێوەی راوکردنی نەهەنگ بدات ، وە بۆ ئەوەی ئەگەر پێی بکرێت تا ماوەی (١٠) ساڵ نەهەنگ راوکردن قەدەغە بکات ..

لەپێش ئەوەدا وەك ئێستا راوە نەهەنگ بەکۆمەڵ بکرێت زیاد لە ٤-٥ ملیون نەهەنگ لە دەریاکاندا ئەژیا ، کەچی ئیستا ئەو نەهەنگانەی ماونەتەوە ژمارەیان لە چەند سەد هەزارێك بەوڵاوە تێپەڕ ناکات ، کە ئەم ژمارە کەمە لەبەردەم ئەو ژمارە زۆرەی لێیان راو ئەکرێت لە چەند ساڵێکی کەم بەولاوە خۆی پێ راناگیرێت ..

بەم چەشنە ژیانی نەهەنگ ئەو گیان لەبەرە شیردارە ئاوی‌یە ، خەریکە قەلاچۆ ئەبێت .

هۆنراوە بڵاو نەکراوەکانی‌جۆن دۆن

ماوەیەکی کەم لەمەوبەر شەش دەست نوسی شیعری (هەینی غەمبار)ی شاعیری بەناوبانگی ئینگلیز (جۆن دۆن) لە شاری لەندەن دوزراونەتەوە ، ئەو دەست نووسانەی لە ساڵی ١٩١٣دا نووسیووە تەوە ، کە هەتا ئێستا بڵاو نەکراونەتەوە ..

گرنگی دۆزینەوەی ئەو دەست نووسانە ئەوەیە شێوەی شیعردانان‌و جۆری چاك‌کردن‌و لێ‌گۆرینی ئەو شاعیرە لەشیعرەکانی روون ئەکاتەوە ..

ئەوەی شایانی باسە نرخی ئەو دەست نووسانە بەسەد هەزار جونەیهی ئەستەرلینی دانراوە ..

بەچی تێ ئەگەی



ئەم وێنەیە بەچی‌ی تێ‌ئەگەیت ؟ ئەوەندە بزانە تابلویەکی تەجریدی نی‌یە !وێنەیەکیش نی‌یە هونەرمەندێك زیرەکی‌و بەهرەی خۆی تێادانواندبێ .. ئەوەی لەبەرچاونە تەنیا بریتی‌یە لەو درەختانەی لە شاری (یوتای) لە ئەمەریکا لەسەر شۆسەی شەقامەکان بۆئاسمان هەڵچوون ..

قەدی ئەم درەختانە هەتابڵێی رەق‌و بەتینە ، وە ئەوانەش کە ئەی بینیت بریتی‌یە لە کۆبوونەوەی ناوی سەدان کەس کە هەریەکەو بەشێوەیەك ناوی خۆی لەسەر قەدی ئەو درەختانە هەڵکۆلیوە ئەم وێنە سەیرەی لێ‌دەرچووە .

insititutkurde.de paris